# بەگەڕخستنی هەڵمەتی میدیایی لە ڕوبەڕوبونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر لەهەرێمی کوردستاندا
## توێژینەوەیەکی شیکارییە

**ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا [١]، یوهان عوسمان حەمە [٢]**
[١،٢]بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: ibrahim.fathulla@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بە ئاگابوونە لە ناوەڕۆکی ئەو هەڵمەتە میدیاییانەی بەڕێوەبەراتییەکانی ئاسایشی هەرێم خستویانەتە گەڕ بۆ ڕوبەڕوبونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستە تەواوی ئەو ڤیدیۆیانە وەرگیراوە کە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر لەماوەی ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەرهەمیان هێنانەوەو لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان یاخود تۆڕەکانی سۆشیال میدیا بڵاوکراونەتەوە، هەردوو توێژەر بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمە ڤیدیۆیانە پشتیان بەستووە بە میتۆدی وەسفی لەجۆری شیکاری ناوەڕۆک، لە ئەنجامدا ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کەبەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایشی هەرێم لەرێگەی هەڵمەتە میدیاییەکانیانەوە هەوڵیان داوە لەیەککاتدا هاووڵاتیان لەو دڵنیا بکەنەوە کە گروپە تیرۆریستییەکان هێزێکی مةترسیدارن بۆ سەر کۆمەڵگە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەو هێزانەی لە دژیان دەجەنگن، هێزێکی گیانفیدان و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتگیری دەکرێن و بەردەوام توانیویانە پیلانی ئەو گروپانە پوچەڵ بکەنەوە.

## Summary

the objective of this research is to be informed about the contents of media campaigns that have been held by regional security directorates as part of counterterrorism campaigns in Kurdistan region. Therefore , media materials including Security public awareness campaign video footages produced and published via either television stations or online from the period between 2014 to 2018 from both Sulaimani security (Asayish) directorate and Irbil security directorate have been taken as data analysis.
In order to analyses the contents of these video footages both researchers use content analysis methodology of research and concludes that both Kurdistan region Security directorates (Asayish) held public awareness campaigns to affirm that insurgents and radicals groups in the region are dangerous to their community and assure them that Asayish is fearless force, has ability to defeat terrorist groups and protect the Kurdish public simultaneously. In Addition to state that Asayish has international military support to counter all terrorist attacks.


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٥ ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/١/٢٠ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٢/١٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | ibrahim.fathulla@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٠ \| پ.ی.د.ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا، م.یوهان عوسمان حەمە، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**الملخص**

يهدف هذا البحث الى التعرف على مضامين الحملات الاعلامية الخاصة بتوعية المواطنين من اجل التصدي لمخاطر الارهاب في اقليم كوردستان، ولتحقيق ذلك اخذت كافة المواد التلفزيونية التي انتجتها مديريات الأمن (اسايش) في محافظتي السليمانية و اربيل في الفترة مابين أعوام 2014-2018 والتي عرضت من خلال شاشات التلفزة او من خلال مواقع التواصل الاجتماعي، ولتحليل مظامين تلك المواد التلفزيونية تم الاعتماد على منهج تحليل المضمون، وقد توصل الباحثان إلى نتيجة مفادها ان مديريات الامن الاقليم حاولت من خلال حملاتهم الاعلامية تحذير المواطنين من وحشية الجماعات الإرهابية ومخاطرهم على المجتمع، كما شددت تلك الحملات على تفاني القوات الكردية المدعومة على الصعيد الدولي في مكافحة الإرهاب وافشال مختطاطهم الارهابية.

## پێشەکی:

هەڵمەتی میدیایی بەیەکێک لە گرنگترین چالاکییەکانی ئەم سەردەمە لەقەڵەم دەدرێت، بۆ هۆشیار کردنەوەی جەماوەر بەرامبەر ڕووداوەکان و جوڵاندنی رایگشتی لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگە، بەو پێیەی تیرۆر یەکێکە لەو مەترسیانەی ڕوبەڕوی کۆمەڵگە دەبێتەوە، لەزۆربەی وڵاتاندا لەپاڵ رێوشوێنە سەربازی و ئەمنییەکاندا پەنا دەبرێتە بەر هەڵمەتەکانی میدیا بۆ ڕوبەڕو بونەوەی تیرۆر و نەهێشتنی مەترسییەکانی.

هەرێمی کوردستانی عێراق وەک قەوارەیەکی سیاسی خاوەن دەسەڵاتێکی فیدراڵی بەدەر نەبووە لەمەترسییەکانی تیرۆر بەتایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی رێکخراوە تیرۆریستییەکان لەعێراق، زۆرجار روبەڕوی مەترسییەکانی تیرۆر بۆتەوە، بۆیە لایەنە بەرپرسەکان بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەرێم لەپاڵ رێوشوێنە سەربازییەکانیاندا پەنایان بردۆتە بەر هەڵمەتە میدیاییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و روبەڕوبونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ شیکردنەوەی ئەو پەیامە ڤیدیۆیانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەرێم لەچوارچێوەی هەڵمەتی هۆشیاری بۆ روبەڕوبونەوەی تیرۆر و نەهێشتنی مەترسییەکان پەخشیان کردووە، لەو چوارچێوەیەشدا کۆمەڵێک بەرهەمی ڤیدیۆیی بەنموونە وەرگیراوە کە ئاراستەی جەماوەری کوردستان کراوەو بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی و پێداچونەوەی بەشێوەیەکی زانستییانە .

## بەشی یەکەم: میتۆدنامە

### یەکەم/ کێشەی توێژینەوە

لەگەڵ هەڵکشانی مەترسییەکانی تیرۆر کە تا دێت لەتەواوی ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا خۆی نمایش دەکات، دەوڵەتان بەردەوام لەئامادەباشیدان بەمەبەستی دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ روبەڕو بونەوەی، جاچ لەلایەن دەزگا هەواڵگیرییەکانەوە بێت یاخود لەرێگەی هەماهەنگی نێوان بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەوڵەت و دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان، لەو نێوەندەدا میدیا بەبەشێکی دانەبڕاوو گرنگ دادەنرێت بۆ روبەڕو بونەوەی تیرۆر و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی، بەتایبەت لەئێستادا کەمیدیا بۆتە بەشێک لەژیانی تاک و کۆمەڵگاکان و داهێنەرە نوێکانی بواری میدیاش تادێت لەگەڵ خۆیدا زیاتر ڕۆدەچێتە نێو بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ و زیاتر کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات، بەجۆرێک میدیا بۆتە زمان و ژیاری ئەم سەردەمە و ناکرێ فەرامۆش بکرێ. کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوە رۆچون و وردبونەوەیە لەشێوازی بەگەرخستنی میدیا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەرێم بۆ روبەڕو بونەوەی کێشەیەکی مەترسیدار کەتیرۆرە، لەسەر ئەم بنەمایە توێژینەوەکە پرسیار گەلێک دەخاتە روو:

ا- ئایا بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەرێم وەک یەک گرنگیان بەهەڵمەتی میدیایی بۆ روبەڕو بونەوەی تیرۆر داوە؟

ب- ئەو فۆرم و تەکنیکیە هونەرییانە چین کەبەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەرێم بەکاریان هێناوە بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر تا بەئاگابن لەمەرامی تیرۆریستان و ڕەفتارەکانیان؟

پ- ئەو بوارانە چین کە هەڵمەتە میدیاییەکانی ئاسایش هەوڵی داوە جەماوەری لێ ئاگادار بکاتەوە تا نەکەونە تەڵەی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە.

ج- بەچ شێوازێک بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەرێم هەوڵیانداوە پەیوەندی لە لەگەڵ جەماوەر دروست بکەن تا پێکەوە کار بۆ روبەڕو بونەوەی تیرۆر بکرێت؟.

## دووەم/ بایەخی توێژینەوە

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەچەند ئاستێکدا دەردەکەوێت، لەوانە بەرچاو روونیەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەرێم لەسەر شێوازی دروست لەبەگەڕخستنی میدیا بۆ روبەڕو بونەوەی مەترسیەکی گەورە کەتیرۆرە، بەو پێیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە ئەو هەڵمەتانە هەڵبسەنگێنێت کەپێشتر ئەو بەڕێوەبەرایەتیەیانە بەشێوازێکی راستەوخۆ خستویانەتەگەر بۆ روبەڕو بونەوەی تیرۆر، گرنگییەکی دیکەش بۆ کتێبخانەی زانستی کوردییە کەئاوردانەوە لەم بابەتە لەسەر ئاستی ئەکادیمی بەشێوەیەکی زۆر نییە و ئەم هەوڵە زانستییە بێگومان دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکرنی ئەو بوارە، ئەمە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆگەیاندنی سودو قازانج بەجەماوەر تا ئاسایش و ئارامی زیاتر فەراهەم بکرێت.

## سێیەم/ ئامانجی توێژینەوە

توێژینەوەکە ئەم ئامانجانە لەخۆ دەگرێت:

-1 بەئاگابوون لەوەی تاچەند بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر بەگرنگییەوە لە هەڵمەتەکانی میدیایان روانیوە لەپێناو هۆشیار کردنەوەی جەماوەر لە مەترسیەکانی تیرۆرو شێوازی روبەڕوبونەوەی.

٢- دیاریکرنی ئەو فۆرمە هونەرییانەی لە هەڵمەتە میدیاییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر بەکارهاتوون بۆ دروستکردن کاریگەری لەسەر جەماوەر.

٣- خستنە رووی دیارترین ئەو پێناسانەی هەڵمەتە میدیاییەکان بۆگروپە تیروریستیەکانیان کردووە تا جەماور لێیان بە ئاگابن و لە پیلانەکانیان تێ بگەن.

٤- بە ئاگابوون لەو بوارانەی هەڵمەتە میدیاییەکان بە کەلێنانیان داناوەو لەرێگەیەوە تیرۆریستان هەوڵی لەخشتە بردنی جەماوەر دەدەن.

٥- دیاریکردنی ئەو رێگایانەی هەڵمەتە میدیاییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەکاریان هێناوە تاوەکو هاوکاری دەزگاکانی ئاسایش بکەن بۆ روبەڕو بونەوەی تیرۆر.

## چوارەم/ جۆرو میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە وەک جۆر دەچێتە خانەی توێژینەوە وەسفییەکانەوە کەجۆرێکی گونجاوە بۆگەیشتن بەزانیارییەکانی پەیوەست بەدیاردەکان و چەمکەکانی پەیوەست بەبابەتی توێژینەوکە، وەک میتۆدیش میتۆدی شیکاری ناوەرۆک بەکارهاتووە بۆ بەئاگابون لەناوەرۆکی هەڵمەتە میدییەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەلێرو سلێمانی، کە بە میتۆدی گونجاو دادەنرێت لەتوێژینەوە میدییەکان بۆ شیکارکردنی رواڵەتی پەیامە میدییەکان بەشێوەیەکی رێکخراو، بابەتی و چەندایەتی.

## پێنجەم/ بوارەکانی توێژینەوە:

١-توێژینەوەکە سێ بواری گرتۆتەوە ئەوانیش:

ا- بواری شوێن: مەبەستمان لەهەرێمی کوردستانە و هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر.

ب- بواری کات: ئەو هەڵمەتە میدییانەیە کەلە ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ لەرێگەی تەلەفزیۆن و سۆشیال میدیاوە بڵاو کراونەتەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لەروبەڕو بونەوەی تیرۆردا.

پ- بواری بابەت: ناوەرۆکی ئەو ڤیدیۆیانەن کەلەلایەن هەردوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێرەوە بڵاوکراونەتەوە بۆ هۆشیار کردنەوەی جەماوەر بەرامبەر بەمەترسییەکانی تیرۆر .

٢- کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لەتەواوی ئەو هەڵمەتە هۆشیارییە میدیایانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڕوبەڕو بونەوەی تیرۆر لەهەرێمی کوردستاندا بەرهەمیان هێناون جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بن یان ناراستەوخۆ. سامپڵی توێژینەوەکەش ٨٦ بەرهەمی ڤیدیۆییە.

## شەشەم/ دیاریکردنی چەمك و زاراوەكان

١- هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ بە شێوەیەکی دیفاکتۆ بوونی خۆی سەپاند، بەڵام لەدوای ٢٠٠٣ بەشێوەیەکی فەرمی وەک یەکەکی سیاسی فیدراڵیی، لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا دانی پێدا نرا(کامیل عومەر سلێمان، 2013، لا 29)، ڕووبەرەکەی 42 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و دانیشتوانەکەی نزیکەی بە پێنج ملیۆن مەزەندە دەکرێت. دەستوری هەمیشەیی عێراق دانیپێداناوە و تێیدا هاتووە "ئەم دەستورە لەکاتی جێبەجێکردنیدا بریار دەدات، کەهەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتانەی بەرێوەیدەبەن، هەرێمێکی فیدراڵییە"( صباح صادق جعفر الإنباری، 2010، ص 56).

2- هەڵمەتی هۆشیاریی میدیای: بریتییەلەو بەرهەمە میدیاییانەی، بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان، لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش هەرێم، دەربارەی تیرۆر بەرهەمیانهێناوە، تاوەکو لەرێگەیەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هاووڵاتیان دروستبکەن، وەک هەڵمەتی دژی تیرۆر، تەندروستی، پارێزگاری لەژینگە و ...هتد، ئاشنا بوون بەهەڵمەتە بەرهەمهێنراوەکانی دژی تیرۆریستان لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم، و پشتبەستن بەو ئامرازانەی کەدەزگاکان لەبڵاوکردنەوەی هەلمەتە هۆشیارییەکاندا بەکاریان هێناوە.

-3 تیرۆر: دیاردەیەکی نێودەوڵەتی و ئاڵۆزە، لەلایەن چەندان مرۆڤەوە دژی کۆمەڵگا و دەزگاو حکومەت و بەرژەوەندیی گشتی، بەتایبەتی لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندیی تایبەتیدا، ئەنجامدەدرێت، تیرۆر لەهەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی لەپێشینەی هەیە، بەڵام دوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، تیرۆر و کاری تیرۆریستی زیاتر و ووردتر چووە ناوکایەکانی ژیانەوە و، کاریگەری ڕاستەوخۆ و نارستەوخۆیی لەسەر هاووڵاتیان و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دروستکرد.

٤- ڕووبەڕووبوونەوە: بریتییەلە ئەنجامدان و بەرپەچدانەوەی هەموو ئەوکارو ڕەفتارە نامرۆڤانانەی ڕووبەرروی کۆمەڵگا دەبنەوە، کە هۆکاری لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵگان، لەکاتی دروستبوونی کێشە و پێکدادان، و بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەوکردەوە تیرۆریستییانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوەم باتیبەت لەماوەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش.

## حەوتەم/ توێژینەوەکانی پێشوو:

دوای گەرانێکی زۆر ئەم توێژینەوەیە نەیتوانی دەستی بگات بەتوێژینەوە زانستییەکانی پەیوەست بەرۆڵی میدیا لە ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی توانی چەند توێژینەوەیەک بەدەست بخات لەوانە:

ا- توێژینەوەی (مریم نوری)( مريم نورى ، تعاطي الإعلام العربي مع ظاهرة الإرهاب و انعكاسات ذلك على الأمن القومي للدول العربية، الموسوعة الجزائرية للدراسات السياسية والاستراتيجية، 2018-10-31، https://www.politics-dz.com/تعاطي-الإعلام-العربي-مع-ظاهرة-الإرهاب)

توێژەر تیشکی خستۆتەسەر ئەوەی کە پێناسەیەکی یەک دەنگ و ڕێکخراو نییە لەجیهاندا بۆ تیرۆر، پێویستە بەو پەری هێز و تواناوە سەیری کەیسی تیرۆر بکرێت، چونکە تیرۆریستان بەشوێن زۆرترین قوربانیدا ناگەڕێن بەڵکو بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێن کەزۆرترین کەس گوێیان لێیان بێت و ناویان ببیستێت، ئەم توێژینەوەیە پشتی بەمیتۆدی شیکاری ناوەڕۆک بەستووە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە تیشک خستنە سەر کێشەکانی نێوان میدیا و تیرۆر، شیکردنەوەی بابەتەکانی ناو میدیای عەرەبی دەربارەی تیرۆر و کاریگەری لەسەر پاراستنی دەوڵەتانی عەرەبی، هەروەها گەیشتووە بەو دەرئەنجامانەی کە زۆربەی شێوازەکانی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر لەرێگەی میدیاوە دووبارەن و ستراتیجی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر بەپێی خواستی کەسەکان یان چەند کەسێک دەگۆڕێت.

ب- توێژینەوەی (نصيرة تامي) (نصيرة تامي ، دور الإعلام الفضائي في التصدي لظاهرة الإرهاب و الإعلام الفضائي العربي نموذجا، المجلة الجزائرية للعلوم الإجتماعية والإنسانية، العدد الحادي عشر، 2018)

ئەم توێژینەوەیە هەردوو کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی عەرەبی (الجزيرە) و (العربيە) وەک نمونە هێناوەتەوەو ئەو پرسیارەی وروژاندووە کە تاچەند توانیویانە رۆڵیان هەبێت لەهۆشیارکردنەوەی رای گشتی عەرەبی تاجەند توانیویانە بەگرنگییەوە بروانە هەڵمەتەکانی روبەڕووبونەوەی تیرۆر و بەگژداچونەوەی، ئامانجی توێژینەوەکە بە ئاگابوونە لەوەی تاچەند (الجزيرە) و (العربيە) گرنگی بە هەواڵ و کردەوە تیرۆریستییەکان دەدەن، چۆن دەتوانن رۆڵ بگێرن لەهۆشیار کردنەوەی جەماوەر، توێژینەوەکە گەیشتووە ئەو دەرئەنجامەی هەردوو ئامرازەکە بەپێی ناوچەکان ئاستی رۆڵەکانیان گۆرانکاری بەسەردا هاتووە.

پ- توێژینەوەی (محمد قيراط)( محمد قيراط ، الإرهاب و الإعلام بين الوطنية وحق المعرفة والابتزاز، ورقة بحثية قدمت في المؤتمر الدولي " الإعلام والأزمات .. الرهانات والتحديات"، كلية الاتصال بجامعة الشارقة ، 2010-12-14)

ئەم توێژینەوەیە رۆشنایی دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان تیرۆر ئامرازەکانی میدیا  بە پشتبەستن بەمیتۆدی شیکاری ناوەرۆک، پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە  ئەوەیە تا چەند میدیا دەتوانێ کردەوە تیرۆریستییەکان پشت گوێ بخات، بەو پێیەی جەماوەر بەگشتی مافی خۆیان هەیە بزانن و ئاگاداری رووداوەکانی چواردەوریان بن بەتایبەتی دەربارەی تیرۆر کە چی روودەدات چەندێک کاریگەریان لەسەر سەقامگیری ئاسایش و پارێزبەندی ژیانیان هەیە، توێژینەوەکە گەیشتووتە ئەو دەرئەنجامانە کە میدیا رۆڵی کارا دەگێرێت لەئارام کردنەوە و سەقامگیر کردنی دەرونی جەماوەر، دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی پێدانی زانیاری راست و گونجاو بۆ ئاگادار کردنەوەی جەماوەر دەربارەی تیرۆر.

ج- توێژینەوەی (حسن السوداني)( حسن علوان ، الإرهاب في الفضائيات العربية، دراسة في الشكل و المضمون، اطروحة دكتوراه في الاعلام والاتصال مقدمة الى مجلس كلية الاداب والتربية، الاكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك، 2008)

ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بەمیتۆدی شیکاری ناوەرۆک رۆشنایی خستۆتە سەر مامەڵەی کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان بۆ بابەتی تیرۆر و گفتوگۆی ئەو بەرهەمانەی کردووە  کە ئەو کەنالانە  بۆ روبەڕوبونەوەی تیرۆر و وەڵامدانەوەی تیرۆریستان تەرخانیان کردووە، ئامانجی توێژینەوە بریتییەلە تیشک خستنە سەر جۆرەکانی کاریگەری و پێشنیارییەکانی پەیامە میدیاییەکانی ئاسمانییە عەرەبییەکان دەربارەی تیرۆر، توێژینەوەکە گەیشتووە ئەو دەرئەنجامەی کە میدیای عەرەبی پەیامەکانی دەربارەی تیرۆر روون نییە، هەموو وێنەو پەیامە تیرۆریستییەکان بێ گوێدانە کاریگەری نەرێنی لەسەر جەماوەر بڵاو دەکاتەوە.

د- توێژینەوەی (Alexander Spencer)( Alexander Spencer، Terrorism and the Media, arts and human research coun-cil, Polaris House, North Star Avenue, Swindon, Wiltshire, 2012, N2 1Fl.)

توێژینەوەکە باسی تیرۆر و میدیا دەکات لەچۆنێتی رێگری کردن لەنوسین و پیادا هەڵدانی تیرۆریستان و باسکردنی بەردەوامی کارە تیرۆریستییەکان تاوەکو تیشکی تەواو نەچێتە سەر تیرۆر و کردەوە تیرۆریستییەکان و سود وەرگرتنی تیرور لەمیدیا بەخۆڕایی، توێژەر شیکاری ناوەرۆکی بۆ راپۆرت و بڵاوکراوە تایبەت و نوسینەکانی تیرۆر کردووە، ئامانجی توێژینەوەکە بەئاگابوونە لەوەی تا چەند میدیای وڵاتانی رۆژئاوا رۆڵی هەبووە لەبڵاوکردنەوەی پەیامی تیرۆریستان و گەیشتووە بەو ئەنجامانەی میدیا ئامرازێکی سەرەکی و سەرنج راکێشە بۆ تیرۆر و تیرۆریستان، هەروەها تیرۆر سودی لەمیدیا وەرگرتووە بۆ گەیاندنی پەیامە خوێناوییەکانی خۆی.

سود وەرگرتن لەتوێژینەوەکانی پێشوو:

هەردوو توێژەر توانیویەیانە سود لەو توێژینەوانە وەربگرن لە رووی میتۆدی بەکارهاتوو، هەوەها لەرووی تیۆرییەوە کە ئاوریان داوەتەوە لەچەمکی تیرۆرو مامەڵەی میدیا لەگەڵ تیرۆردا ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو توێژینەوانە لەگەڵ ئەم توێژینەوەی ئێمەدا جیاوازە بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە تیشکی خستۆتە سەر هەڵمەتەکانی تایبەت بەروبەڕوبونەوەی تیرۆر لەهەرێمی کوردستان شیکاری بۆ (86) بەرهەمی ڤیدیۆیی کردووە کە لە چاوچێوەی ئەو هەڵمەتانەدا بوون لە کاتێکدا توێژینەوەکانی پێشوو ئاوڕیان لەو بوارە نەداوەتەوە.

## بەشی دووەم: هەڵمەتەکانی میدیا و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر

یەکەم/ هەڵمەتەکانی میدیا (چەمك و ناساندن):

توێژەری ئەمەریکی (روجرز) لە پێناسەی هەڵمەتەکانی میدیایدا دەڵێت: هەڵمەتەکانی میدیا بریتییە لە بەکارهێنانی کۆمەڵێك لە چالاکییە ڕێکخراوەییەکانی میدیا بۆ بەدیهێنانی چەند ئەنجامێکی دیاریکراو لەلای ژمارەیەك لە تاکەکانی کۆمەڵگا لە ماوەیەکی دیاریکراودا ( Rogers E and Story I, 1986, pp. 419)

لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە زۆرێک لەتوێژەران پێیان وایە هەڵمەتەکانی میدیا بریتییە لە هاندانو قایل کردنی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵانی خەڵك بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی ڕەفتاری، لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەڕێگەی کۆمەڵێک لە چالاکی ڕێکخراو کە میدیاو ئامرازە کەساییەکان لەخۆی دەگرێ(Charles K-Atkins & Roland E.Rice, 2013, pp.3-19)کەواتە هەڵمەتەکانی میدیا کورت ناکرێتەوە لە بوارێکی دیاریکراودا و نابەسترێتەوە بە چەند دەزگایەکەوە، بەڵکو لە دەرئەنجامی ئەوە ژمارەیەك پەیامی میدیایی دێتەدی کە پشت بە چەند بیرۆکەیەك دەبەستێت کە دەگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی لە کاتێکی دیاریکراودا(Elder, R.W., Shultz, 2004, pp. 57-65).

### دووەم/ گرنگی هەڵمەتەکان میدیا:

هەڵمەتەکانی میدیا بەیەکێک لە شێوەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی دەژمێردرێت، لەسەر بەکارهێنانێکی نەخشە بۆ کێشراو بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراوی جیاواز لە ئامرازی پەیوەندییکردن وشێوازە داهێنەرەکان بۆ هاندانی کۆمەڵگا بەگشتی یاخود چەند گروپێکی بەتایبەتی بۆ پەسەندکردنی چەند بیرۆکەیەك یان پاڵپشتی کردن لەبیرۆکەکان، ئەوەش بەکارهێنانی ستراتیجێك یا زیاتر لە ستراتیجێك لەڕێ چەند هەوڵێکی بەردەوام لەچوارچێوەی ماوەیەکی دیاریکراودا، ئەم هەوڵ بەیەکگەیاندنانە کە نەخشەی بۆکێشراوە ئامانجی گۆڕانکارییە لە پێزانینو ئاڕاستەو ڕەفتار لەلای جەماوەرێکی دیاریکراو لە شوێنو کاتی دیاریکراودا، هەروەها هەوڵێکی زانستی ڕێکخراوو پلان داڕێژاوە بۆ جێبەجێکردنی چەند بابەتێکی دیاریکراو لە ماوەو کاتێکی دیاریکراودا ) یورك برس، 2002، ص 36).

### سێیەم/ ئامانجی هەڵمەتەکانی میدیا:

لەڕووی ئامانجەوە هەڵمەتەکان تیشک دەخەنە سەر چەند ئامانجێکی دیاری کراو یان دەست نیشانکراو، کەبریتین لە توانای هەڵمەتەکانی میدیا کە وێنەیەکی بەهێز بۆ دامەزراوەیەک یاخود بابەتێک پێکبهێنێ، تا پەرەبدات بە قایلکردنی جەماوەر دەربارەی بابەتەکانی ناو هەڵمەتەکە، دەشێ هەڵمەتەکە لەپێناو چاککردنی وێنەی پیشەیەکی دیاریکراو پاڵ بە جەمارەوە بنێ بۆئەوەی ڕووی تێبکەن، ئەو ڕەفتارانەیان بگۆڕن کە لەگەڵ هەڵسوکەتی کۆمەڵایەتی ناگونجێ بە ئاماژەدان بەکارە خراپەکانی ئەو ڕەفتارە، بۆئەوەی تاکی ناوکۆمەڵگا لێی دووركەوێتەوە(عامر مصباح، 2009، ص 47)، بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و ئاگادارکردنەوەیان لە دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان گەر لەسەر ڕەفتاری ناپەسەندو نەخوازراو بەردەوام بن.( ذوقا عبيدات و سهيلة أبو السعود، 2005، ص 16).

### چوارەم/ چۆنێتی ئەنجامدانی هەڵمەتە میدیاییەکان:

هەموو جۆرەکانی هەڵمەتەکانی میدیاییە (بەتایبەتی قایلکەرەکان) بەرەو ڕووی هەڕەشەی گەورەو ئاستەنگێکی زۆر دەبنەوە، لەپێش هەموویانەوە بایەخ نەدانی جەماوەر بە پەیامەکانی هەڵمەتەکەو دەستگرتنی بە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی پێشوو و ئارەزوونەبوونی لە گۆڕانکاری، سەرەڕای ئەوەی کە چەند فاکتەرێکی تر هەیە لە دەرفەتی سەرکەوتنی ئەو هەڵمەتانە کەم دەکاتەوە، بۆیە بۆ نەهێشتنی گیروگرفتەکان پێویستە کار بکرێت بۆ دانانی نەخشەیەکی گونجاو بۆ ئەو هەڵمەتانەو پەیڕەوی کردنی بنەما ڕاستەکانو هەنگاوە زانستییەکان و کردارییەکان کە یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتنیان (تامر البكري، 2006، ص21)، بۆئەوەی نەخشەکە تەندروستبن پێویستە پەیڕەوی زنجیرەیەک هەنگاو بکرێت، کە زامنە بۆ سەرخستنی کە بریتین لەم هەنگاوانەی خوارەوە:

### هەنگاوی یەکەم: ناسینی کێشەو کۆکردنەوەی داتاکان

هەنگاوی یەکەم بۆ هەر هەڵمەتێکی میدیایی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەیەوە لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کۆمەڵانی خەڵك و تایبەتمەندییەکانیان و بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتیان لەپاڵ زانینی سیستمی بەهاکانو نەریتە باوەکان کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە لەگەڵ

پەیوەندییان بە هەڵمەتەکە یاخود بە گیروگرفتی بابەتی هەڵمەتەکە(Fraser P ,1997، pp.12).

مەبەستمان لەم قۆناغە کۆکردنەوەی زانیارییەکانو ئامارەکانو داتاکان لەسەر گیروگرفتی بابەتی هەڵمەتەکەو رەهەندەکانی، هەروەها ئاراستەکانی جەماوەر بۆئەوەی بەئاگابن لە گشت زانیارییەکانو داتا وردەکانی کە یارمەتیدەرن بۆ دانانی پلانو بەرنامەکان و چۆنێتی جێ بەجێکردنی هەڵمەتەکان و دۆزینەوەی شێوازی بەگەر خستن و دەست پێکردنی هەڵمەتەکان، واتە ئاگاداری کات و شوێنی گونجاو بین بۆ دەست کردن بەهەڵمەتەکان.

## هەنگاوی دووەم: دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی هەڵمەتەکە

ئەم هەنگاوە لە هەموو هەنگاوەکانی تر گرنگترە، چونکە ئامانجەکان بە پێوانەیەك دادەنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵمەتە میدیاییەکان لەپێش و لەکاتو لەدوای ئەنجامدانیاندا، بۆیە دەبێت هەموو هەڵمەتێك پشت بەستووبێت بەچەند ئامانجێکی دیاریکراو، ئامانجی هەندێك لە هەڵمەتەکان بۆ ئەوەیە تاکەکان زانیاریو هۆشدارییان لادروست بێت لەبارەی هەندێ بابەتو کێشەی ناو کۆمەڵگا، بەشێکی تر لە هەڵمەتەکان بایەخ بە کاریگەری خۆیان دەدەن لەسەر بەهاو بیروباوەڕی تاکەکان، هەندێکی تر لە هەڵمەتەکان چەند رەفتارێکی دیاریکراو لەلای خەڵك دەوروژێنو پشتگیریی لەو رەفتارانە دەکەن یاخود هەوڵی گۆڕینی دەدەن، بەهەمان شێوەیە لەگەڵ ڕەوتەکان(قحطان العيدلي و سمير العبدلي، 2004، ص 17)، هەندێک لەهەڵمەتەکان ئامانجەکانیان بەئاشکرا دەخەنە روو تاوەکو جەماوەر ئاگاداری هەڵمەتەکان بن و بزانن لەپێناو چیدا بەر هەڵمەتەکان دەکەون(Peter Dickens ,2000، pp. 147-164)، هەندێکی تریان بەشێوەی شاراوە واتە نائاشکرا ئامانجەکان دەست نیشان دەکەن تاوەکو لەپشت هەڵمەتەکانەوە ئامانج و خواستە تایبەتەکانی خۆیان بپێکن(Peter Golding ,2000، pp.165-184).

## هەنگاوی سێیەم: ئامادەسازیی دارایی و مرۆیی بۆ هەڵمەتەکە:

مەبەست لە زاراوەی ئامادەسازیی لەوبوارەدا دیاریکردن و کۆکردنەوەو پەرەپێدانو وەبەرهێنانی دەرامەتی داراییو مرۆییە بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتی میدیا(Philip Palmgreen ,2014، pp. 28).

ئەوەی جێی باسە دروستە بودجەی هەڵمەتەکانی میدیا بەچەند رێگایەك دیاری بکرێت کە ئەمانەن:( ذوقا عبيدات و سهيلة أبو السعود، مصدر سابق، ص 18)

١. دیاریکردنی بودجە بەپێی ئەمانجانەکان: ئەمە ئاسانترین رێگایە بەوپێیەی هەڵمەتە میدیاییەکان کۆمەڵێ چالاکیی دیاری دەکات کە پێویستە جێبەجێ بکرێن و بودجەکە لە چوارچێوەی ئەو چالاکییانەدا دیاری دەکرێ، ئەوەش بە پشت بەستن بەو نرخانەی کە یامەتیدەران دایدەنێن چونکە ئەوان کەلوپەلی پێویست بۆ ئەو چالاکییانە پەیدا دەکەن.

٢. دیاریکردنی بودجە بەگوێرەی شیکردنەوە: لێرەدا هەڵمەتە میدیاییەکان پشت بە پێشبینی دەبەستێ، لە رێگەی پەیوەندی نێوان لەخۆگرتنو هەندێك رەگەزی تێکەڵاوی هەڵمەتەکە، ئەم ئەرکە ئاستەکانی لەخۆگرتنی پێشبینی بۆماوەیەکی دیاریکراو ئاگادار دەکاتەوە.

## هەنگاوی چوارەم: ئەنجامدانی هەڵمەتەکە

واتە بەجێگەیاندنی هەنگاوەکان و راپەڕاندنی، یاخود دانانی ستراتیجییەتی هەڵمەتکردن(راضي الوقفي، 2014، ص 680)، پاش قۆناغی کۆکردنەوەو شیکردنەوەی داتا پێویستەکان و دەستنیشان کردنی ئامانجەکانی پەیوەندیو دیاریکردنی دەرماڵەی دارایی، قۆناغی چوارەم دێتە پێشەوە کە بایەخ بە وەرگیرانی ئامانجەکان دەدا بۆ هەنگاوی کردەیی کە تیایدا پەیامەکان و هۆکارەکانو هەڵسوڕێنەری پەیوەندییەکانو جەماوەر و دانانی خشتەی هەڵمەتەکە دیاری دەکرێت، ئەم قۆناغە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەبێت: (قزادری حیاة، 2005، ص 137)

١-دارشتنی پەیامەکان:

پێویستە پەیامەکان گشتگیرو فراوان بێو جۆراوجۆربێ چونکە ئاراستەی هەموو جەماوەری بەئامانج گیراو دەکرێت، دەبێت ناوەرۆکی پەیامەکان زۆر بەباشی ئامادەکراوبێت و بەبەڵگەوە هاووڵاتیان رازی بکات و وایان لێبکات بەشوێن زانیاری زیاتردا بگەڕێن لەسەر ئەو پەیامانە گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی تردا بکەن. (راضي الوقفي، 2014، مصدر سابق، ص 688)

٢- دیاریکردنی ئامرازەکان:

پرۆسەی پەیوەندییەکان لە سەردەمی نوێ پشت بە ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندی دەبەستێ، بەکارهێنانی هەر ئامرازێک لەسەر چۆنایەتی ئەو جەماوەرە دەوەستێ کە هەوڵ دەدا پەیڕەوی لێ بکاو دەری بخا چەندە ئەو ئامرازە بەکاردەهێنێ کە ئێمە بەکاری دەهێنین‌و چەندە لە توانایدایە ئەم ئامرازە بوونی هەبێ، لەبەرئەوە دەبینین ئامرازەکان هەرهەمووی بەیەك جۆر پلە کاریگەریان نییە لە هەموو بارودۆخەکاندا(Anne Gregory،173 ,pp. 2010) دیارترینیان بریتین لە:

١-رۆژنامەکان: بەکۆنترین ئامرازی میدیا ئەژمار دەکرێت کە رۆژانە یان دوو هەفتە جارێک یان زیاتر بڵاو دەکرێتەوە لەسەر کاغەز بەشێوەی ژمارەی یەک لەدوای یەک، کەلەرێگەیەوە جەماوەرێکی دیاریکراو و مەبەستدار دەکەوێتە چوارچێوەی ئامانجەکانی هەڵمەتە میدیاییەکان، چونکە لەگەڵ بەرە وپێشچونی تەکنەلۆژیا، رۆژنامە و بەکارهێنەرانی بەرەو کەم بونەوە چون و زیاتر لایەنی تایبەتمەندبونی وەرگرتووە (نبیوة بمخبزة، 2007، ص 41).

٢-گۆڤارەکان: بڵاو کراوەیەکی تایبەتی هەفتانە یان مانگانە یان وەرزی یان هەندێکیان ساڵانەیە بەڵام بەشێوەی ژمارەی یەک لەدوای یەک یان هەندێکجار ژمارەی تایبەت بەهەڵمەتێکی تایبەت، لەچەند بوارێکی تایبەتمەنددا کار دەکەن و دەبنە سەرچاوەیەک بۆ بڵاو کردنەوەی هەڵمەتەکان و گەیاندنی ئامانجی هەڵمەتەکان ((Robert M. Morgan, 1994, pp. 20-38.

٣-بڵاوکراوەی کاتی: ئەم جۆرە لە بڵاو کراوەکان بۆ مەبەست و کاتێکی دیاریکراو دەردەکرێن و دوای تەواو بونی کارەکە یان هەڵمەتەکە ژمارەی تری نابێت واتە ژمارەی تایبەت دەردەچێت( Patterson.L, 2007, pp. 185 – 189).

٤-رادیۆ: ئەگەرچی لە ئێستادا هاوشێوەی جاران گوێگری نییە، بەڵام بەهۆی تایبەتمەندییەکانییەوە وەرگری خۆی هەیەو بەیەکێک لەئامرازە کاریگەرەکان دادەنرێت لەرێگەی دەنگەوە پەیام و ئامانجەکانی هەڵمەتەکان دەگەیەنێت( Charles R. Taylor ,2006, pp. 21-34)

٥-تەلەفزیۆن: ئامرازێکی گرنگ و کاریگەری گەیاندنی هەڵمەتەکانی میدیایە چونکە بەدەنگ و رەنگ ئامانج و بابەتەکانی هەڵمەتەکان دەخاتە روو، رادەی باوەرپێهێنا و کاریگەری دروست کردنی لەئاستێکی بەرزدایە، و بەئاسانی دەتوانێت جەماوەر بەلای خۆیدا رابکێشێت، بەتایبەت لەرێگەی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند، چونکە جەماوەر لەئێستادا لەچوارچێوەی میدیای تایبەتمەنددا خۆیان دەبیننەوە,Oberiri Destiny Apuke, 2016 (pp. 84 .)

٦-بیلبۆرد و شاشەی سەر شەقامەکان: ئەم جۆرە لە ئامرازی میدیا بە جۆرێکی راستەوخۆ دادەنرێت، چونکە راستەوخۆ و لەهەموو شوێنێک لەبازار و شوێنی کار کردن و سەر شەقامەکان، جەماوەر دەدوێنن و پەیام و ئامانجی هەڵمەتەکانیان بۆ ئاشکرا دەکەن و دەخەنەروو) ,Muniz A.M, 2001, pp. 412-432 (.

٧-ئینتەرنێت: بەیەکێک لەئامرازە کارلێکییەکان یان کاریگەرە سەردەمییەکان ئەژمار دەکرێت بۆ گەیشتن بەئامانجی هەڵمەتە میدیاییەکان، چونکە چەندین لق و پەلی هەیە تاوەکو بتوانینت گفتوگۆ و کاریگەری هەڵمەتەکان بەجەماوەر بگەیەنیت لەگرنگترینیان بریتیین لە: -Chris tine) Adhiambo Odhiambo, 2012, pp. 16.)

ا- ماڵپەری ئەلکترۆنی: بریتییە لەزنجیرەیەک لەلاپەرەی ئەلکترۆنی، هەر ماڵپەرێک ناو و ناونیشانێکی تایبەت بەخۆی هەیە و هەریەکە لەرێگەی تۆرە تایبەتە ئەلکترۆنییەکانەوە دەتباتە ناو لاپەرەکانی ماڵپەرەک ,(Introduction to The Web, 2013, pp. 4) لە ئێستادا جگە لەماڵپەڕە سەربەخۆکان، رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو تەلەڤزیۆنەکان ماڵپەری تایبەت بە خۆیان هەیە، زۆربەی ماڵپەرەکانیش بەووشەی (World) (WWW (Wide Web دەست پێدەکات واتە تۆری جاڵجاڵۆکەی جیهانی، کەلەرێگەی پێگەیەکی ئەلکترۆنییەوە دەچیتە ناو ماڵپەرەکان و زانیاری داتاکان بەدەست دەخەیت کەپێویستن .(Shane Diffily, 2011, pp. 38)

ب- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: (Social Media):

بەیەکێک لەدیارتین ئەو پێشکەوتنانە دادەنرێت کە ئینتەرنێت هیناویەتییە ئاراو کە وەرچەرخانێکی گرنگی لە بواری کۆمینیکەیشن و میدیا دروستکردووە، تۆڕە کۆڵایەتییەکان زیاد لەخزمەتگوزارییەک پێشکەش بە هاووڵاتیان لە سەرتاسەی جیهان کردووە، بەڵام ئەوەی زۆرترین

بەکارهێنەری هەیە و رۆڵی گەورەی بینوە لە بوارە سیاسی و کۆمەلایەتیەکاندا بە تایبەت لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە بواری هەڵمەتە میدیاییەکان بریتین لە : (Media & Diversity, 2009, pp. 20)

- فەیسبوک: تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە خەڵکێکی زۆر بە تایبەتی گەنجان لە سەرانسەری جیهاندا ئالوودەی بوون جێگای ڕەزامەندیو بایەخیانە، ئەم تۆڕە ڕادەی تۆمارێکی کەسێتی تێپەڕی نەدەکرد لە سەرەتای سەرهەڵدانی لە شوباتی ساڵی (2004) لە زانکۆی (هارفارد) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەلایەن خوێندکارێك ناوی (مارك زوكربيرج) دروستکرا بۆ کۆکردنەوەی هەندێ هاوڕێی زانکۆی، بەڵام لە ماویەکی کەمدا ناوبانگی ئەوکارە سنووری زانکۆکانی ئەمەریکای تێپەڕاندوو بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبۆوەو (Knut Linke, 2011, pp. 4) ئێستادا ژمارەی بە کارهێنەرانی بە نزیکەی (2.45) ( J. Clement, 9\1\2020, 7:36 am).

ملیار مرۆڤ مەزندە دەکرێت.

- تویتەر: ساڵی 2006 هاتە ئاراوە، ناوەکەی لە زاراوەی (تویت) وەرگرتووە کە واتاکەی (جريوه)ی، چۆلەکەیان بەهێمای خۆیان داناوە یەکێکە لە تۆڕەکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەرێگەیەوە بەکارهێنەرانی دەتوانن نامەی کورت بنێرن کە لە (140) پیت زیاتر نەبێ بۆ هەرنامەیەك، دروستە بۆ مرۆڤ ناوی بنێ دەقێکی کورت کە دەقە درێژەکان چڕدەکاتەوە، دروستە بۆ هەرکەسێك، تویتەر لە سەر ئاستی جیهان بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە کە ژمارەیا بە نزیکەی (٣٣٠)( Ying Lie, 9\1\2020, 7:43 am ]] ملیۆن مرۆڤ دەخەملێنرێت، تۆری تویتەر ڕێخۆشکەرە بۆ وەلامدانەوەو قسەکردن لەرێی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە، هەروەها ڕووداوە گرنگەکان لەرێی خزمەتی (RSS) لەرێی نامە دەقکراوەکانەوە (Diako-poulos, N., & Shamma, 2010, pp. 1195-1193).

- یوتیوب: ناونیشانەکەی بریتییە (www.youtube.com) تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ڤیدیۆیی، بیرۆکەی ئەم تۆڕە لەسەر توانای هاوپێچکردنی گشت دۆسیەکان دەوەستێ کە پێکدێت لە برگەکانی ڤیدیۆ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بێ ئەوەی پارەی تێبچێت، هەموو بەکارهێنەرێک دەتوانێت هەردۆسیەیەکی بیەوێت هاوپێچی بکات بۆئەوەی ملیۆنەها کەس لە دەوروبەری جیهاندا ببینێ، هەروەها بینەران دەتوانن گفتوگۆیەکی کۆمەڵ بەڕێوەبەرن لەبارەی برگەی ڤیدیۆکە لەرێی خستنەپاڵی لێدوانە هاوپێچەکان، سەرەڕای هەڵسەنگاندنی دۆسیەی ڤیدیۆکە لە رێی پێدانی نرخێکی ڕێژەیی لە پێنج پلە پێك هاتووە، بۆئەوەی ماوەی گرنگی دۆسیەی ڤیدیۆکە دەربخا لە دیدیو بۆچوونی بەکارهێنەرانی پێگەکە( Aliraza Noruzi, 2017, p.1 ).

### هەنگاوی پێنجەم: چاودێری کردن و بەدواداچووون

واتە ئاگادار بون لەهەنگاوەکانی هەڵمەتەکە و لەبەرچاو گرتنی ئامانجەکانی هەڵمەتەکە و رێ خۆشکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان و نەهێشتنی بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم هەڵمە میدیاییەکە(Andy Schmitz, 2012, pp. 403).

## بەشی سێیەم: تیرۆر و شێوازی ڕووبەرو بونەوەی

### یەکەم/ دەروازەیەک بۆ چەمکی تیرۆر:

تیرۆر یەکێکە لەو چەمکانەی خۆێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت و پێناسەیەکی گشتگیرو یەکلاکەرەوەی نییە کە هەموان لەسەری کۆك بن، زۆرجار پێناسەی تیرۆر بە گوێرەی سیستمی سیاسی و بیرو راو ئایدۆلۆجیا جیاوازەکان گۆڕانی بە سەردادێت، بەواتایەکی تر هەندێ جار لە نێوان شۆڕشگێرو تیرۆریستدا پێناسەکان تێکەڵ دەبێت، بەڵام ئەو خاڵانەی زۆرێک لە سەرچاوەکان لەسەری کۆکن بریتییە لە قوربانیانی تیرۆر کە هاووڵاتیانی سڤیلە، هەروەک دەرچوونە لە بنەما یاسایی و ئیتیکییەکان، لە سەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین تیرۆر بریتییە لە بەکارهێنانێکی نایاسایی بۆ هێز یاخود بۆ توندوتیژی یاخود هەڕەشەکردن پێیان، لەلایەن کەسێکەوە یا کۆمەڵێکی ڕێکخراو لەدژی کەسانی تر یاخود لەدژی موڵك و سامانی گشتی، لەگەڵ نیازی ترساندنو ناچارکردنی چەند کۆمەڵێك یان حکومەتێك بەزۆریی لەبەر هۆی جیاوازی بیروباوەڕ و سیاسەت(Garner, Bryan A, 2004, 8th edition) ، بەواتایەکی تر تیرۆر بریتییە لە کرداری توندوتیژیی یا هەڕەشەکردن کە

لەلایەن کەسانو کۆمەڵانو ڕێکخراوو وڵاتان بە شێوەیەکی نایاسایی ئەنجام دەدرێت بۆ دروستکردنی دۆخێك لە ترسو تۆقاندن تا لە ڕێگەیەوە چەند ئامانجێکی دیاریکراو جێبەجێبکەن.

## دووەم/ مەترسییەکانی تیرۆر:

تیرۆر ئامرازێکی بەهێزی تێکشکاندنی کۆمەڵایەتییە، بۆیە مەترسییەکانی بەئاشکراو شاراوە کاریگەری نەرێنی لەسەر هاووڵاتیان و هێزە یاساییەکانی وڵاتان دروست دەکات، بەشێوەیەکی گشتی تیرۆر لەهەر جێگەیەک بوونی هەبێت کەشێکی لەناکاو و نەخوازراو دروست دەکات، هەروەک بەدوای خۆیدا چەندین دەرئەنجامی نێگەتیف بەسەر کۆمەڵگەدا دێنێتە ئارا کە دەبێتە مایەی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی لەوانە(عبدالله احمد یوسف، العدد 78، 2004):

١- کوشتنی خەڵکانی بێتاوان و سوکایەتیکردن بە مرۆڤ: ئەگەرچی کوشتنی خەڵکانی بێتاوان سوکایەتیپێکردنیان ڕێگە پێدراو نییە و لەرووی مرۆڤایەتییەوە نەگونجاوە، بەڵام تیرۆریستان بەردەوام کار دەکەن لەسەر کوشتنی بێتاوانەکان لەپێناو دروستکردنی ترس و دڵەراوکێ.

٢- ناشرین کردنی وێنەی ئاین و بیروڕاکان: تیرۆریستان ئاین و بیروباوەڕ دەکەنە پاساو بۆ ئەنجامدانی مەرام و کارەکانیان، ئەمەش بۆتە ئامرازێک بۆ ناشرین کردنی وێنەی ئایینێکی تایبەت لای ئایینەکانی ترو دروستکرنی ناکۆکی لە نێوان ئاینەکاندا.

٣- زەرەر گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی: ئەمەش بەردەوام تیرۆر بەیەکێک لە ئامانجە دیارەکانی خۆی ئەژماری دەکات، کەهەموو ڕێگایەک دەگرێتە بەر بۆ زەرەر گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی .

شێوازەکانی تیرۆر

تیرۆریستان چەندین شێواز دەگرنەبەر لەپێناو ئامانجەکانیان وەکو( ekuonline.eku.edu, 22/08/2019, 14:25 pm ):

١-تەقینەوە: باوترین و زۆرترین قوربانی لێدەکەوێتەوە و زۆر بەربڵاوە.

٢-رفاندن: ئەمەیان زیاتر لەپێناو دروستکردنی ترس و دڵەراوکێ و پارەدا ئەنجام دەدرێت.

٣-گلدانەوەی بارمتەکان: ئەم جۆرەیان لەپێناو دەسکەوتی سیاسی زیاتر بەکار دەهێنرێت.

٤-دەست بەسەردا گرتن و سەرانەسەندن: ئامانج لێی روتانەوەی خەڵکییە.

٥-تێکدانی دام و دەزگاکان و دەست بەسەردا گرتنیان و وێرانکردنیان.

٦-تیرۆر کردن: زیاتر کەسە سیاسییەکان بەئامانج دەگیرێن

٧-فراندنی فرۆکە: لەپێناو ترس و شکاندنی شکۆی ووڵاتەکان.

## سێیەم/ پاڵنەرەکانی تیرۆر:

تیرۆر بەرادەیەک پەرەی سەندووە کە گەیشتۆتە رادەی دیاردە و بەش بەش بووە بۆ چەند شێوازێک(عاطف عدلي العبد، ٢٠٠٨، ص ٢١)، لەپشت هەر تیرۆێکەوە پاڵنەرێک هەیە، گرنگترین پاڵنەرەکانی تیرۆریش بریتین لە:

١-پاڵنەرە سیاسییەکان

ئەمە ئەو پاڵنەرانەیە کە تیرۆر دەبەستێتەوە بە سیاسەتەوە، ئەمە لەهەموو شێوازێک و هۆیەک زیاتر بڵاوە لەهەمووشیان زیاتر مەترسی دارتر و خوێناوییە، ئەو پاڵنەرانە بەرادەی ڕێکەوت دانانرێ، بەڵکو بەچەند بیروباوەڕێکی دیاری کراو دادەنرێ کەئامانجی بەجێهێنانی مەبەستێکی سیاسی دیاریکراوە بۆ گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایی یاخود سروشتی پەیوەندییە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگادا(عاطف عدلي العبد، ٢٠٠٨، ص ١).

٢-پاڵنەرە ئابوورییەکان

لەئەنجامی تێر نەکردنی خواستی ئابوری و کۆمەڵایەتی تاکەکان دێتە دی لەکاتێکدا هەژاری و بێکاری دروست دەبن لەئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و ئابورییەکان کەلە دیارترینی ئەو پاڵنەرانەیە کەجیاوازی ئاستی بژێوی دەبەستێتەوە بەئاستی دەرامەتی

چینەکانی کۆمەڵگا(عبود السراج،1993، ص 156)، کەدەبێتە هۆی ناهاوسەنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەروەها پەرەسەندنی هەڵاوسان و سەختی قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی پەرەسەندنی کاری تیرۆریستی، هەندێ کەس بەوە دەڵێن تیرۆری سەرمایەی بێ دەنگ کەئاستەکانی کاریگەرییەتی جیاوازن جا چ تاکەکان یان کۆمپانیاکان و دام و دەزگاکان لەدژی یەکتر بەجێ بگەیەنن (فكري عطا الله عبد المهدي، 2008، ص

چوارەم/ میدیا وەک میکانیزمێک بۆ  روبەڕوبوونەوەی تیرۆر:

پاراستنی وڵات لە کردەوەی تیرۆریستیەکان یەکێکە لەو بابەتانەی کە ناوەندەکانی پەیوەست بە روبەڕوبونەوەی تیرۆر گرنگی زۆری پێدەدەن، بەو پێیەی ئەرکی دەزگاکانی خۆپاراستن لە تیرۆر ئاسان دەکات و دەکرێت رێگەیەکی درێژ کورت بکاتەوە، دەوڵەتیش ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆو پلانی وردو پرۆژەی گونجاو بۆ سەرخستنی دادەرێژێ، بەڵام ئەم ئەرکەش تەنها لە ئەستۆی دەوڵەت نییە پێوستە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی و تەواوی ناوەندەکانی پەیوەست بەژیانی کۆمەڵگەوە هاوکاری پرۆژەی خۆپاراستن لە کردەوە تیرۆریستییەکان بکەن(منظمة الامن و التعاون في أوروبا، 2014، ص 17).

پەنابردن بۆ میدیا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەشێکی دانەبڕاوە لەو هەوڵانەی دەخرێنە گەر بۆ روبەڕووبونەوەی تیرۆر، ئەو هەوڵانەش لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش و دەزگا تایبەتەکانی دژە تیرۆر سەرپەرشتی دەکرێن و لەلایەن ئەوانەوە لەسەر بنەمایەکی زانستی دادەڕێژرێن، هەروەک ئەو دەزگایانە خاوەنی بەشی میدیای خۆیانن کە بە میدیای ئاسایش ناوزەند کراوە کە تەواوی ئامرازەکان بە کاردەهێنن وەک بەشێک لە هەڵمەتەکانی سەرخستنی کارەکانیان، بەتایبەت لە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا بەشی میدیای دەزگاکانی ئاسایش لە رێگەی پەیامەکانیانەوە هەوڵی دژایەتی کردنی ئەو ژینگەیە دەدەن کە  تیرۆر تیایدا گەشە دەکات(يوسف بن أحمد الغامدي، 2000، ص 150-148).

## پێنجەم/ هەڕەشەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا

هەرێمی کوردستان بەحوکمی هەستیاری ئەو دۆخە سیاسییەی هەیبووە، بەردەوام روبەڕووی هەڕەشەی تیرۆریستی بۆتەوە، هەروەک ژمارەیەک گروپ کەلەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە گروپی تیرۆریستی ناسراون لە نێو هەرێمی کوردستان چالاکی خۆیان ئەنجامداوە، لەسەر ئەم بنەمایە پەرلەمانی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە ژمارە 3ی ساڵی 2006 پەسەند کرد و تا ئێستا سێ جار بۆ ماوەی دوو ساڵ لەلایەن پەرلەمانەوە درێژ کراوەتەوە (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

## شەشەم/ پەنا بردن بۆ میدیا بۆ رووبەروبوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی بەڕێوەبەرایەتیەی ئاسایشی پارێزگاکانی هەرێمەوە کار بۆ روبەڕووبونەوەی تیرۆر لە هەرێمەکەدا دەکات، ئەو بەڕێوەبەرایەتیەیانەش لە پاڵ گرتنە بەری رێوشوێنی سەربازی و ئەمنی بەردەوام گرنگیان داوە بە میدیاو بە هەنگاوێکی گرنیان لەقەڵەم داوە بۆ سەرخستنی کارەکانیان، لەو چوارچێوەیەدا بەڕێوەبەرایەتیەی ئاسایشی هەولێر بەشی میدیای خۆیان هەیە بۆ هۆشیار کردنەوەی هاووڵاتیان، ئەو بەشە بەپلەی یەکەم و دووەم پشت بە (تەلەفزیۆن) و (ئەنتەرنێت) دەبەستن جگە لەوەش بە گۆڤار و رۆژنامەو بیلبۆردی سەر شەقامەکان بەکاردێنن، هاوکات هێڵێکی گەرمیان داناوە بۆ بەردەوامی وەڵامدانەوەی هەرمەترسییەکی تیرۆریستی بە ژمارە (١٢٣)(گۆڤاری گوڵان، 10/1/2019)، بەهەمان شێوە  لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی پشت بە (رۆژنامە، تەلەفزیەن، رادیۆ، سۆشیال میدیا) دەبەسترێت جگە لەوەی چەندین بڵاوکردنەوە بەکاردێنن بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو خستنە رووی کارو چالاکییەکانیان بەتایبەت لە پیشاندانی مەترسییەکانی تیرۆر و پوچەڵکردنەوەی کردەوە تیرۆریستییەکان(مقدم رزگار حمەرەحیم حمە کەریم، چاوپێکەوتن، 20/11/2019)، هەروەک بەڕێوەبەرایەتیی دژە تیرۆری سلێمانی بەشێکی تایبەتیان بە میدیا هەیە کە لەوێوە کار و چالاکی و ئامانجەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکە لە بەرەنگاربونەوەی تیرۆر دەخەنە روو، لە رێگەی بڵاو کردنەوەی پەیام  و ڤیدیۆی تایبەت بەمەترسیەکانی تیرۆرهەوڵی هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە دەدەن تا رێگری بکرێت لە هەر حاڵەتێکی نەخوازراو(رەوەند محمد عبدلرحمان، چاوپێکەوتن، 10/10/2019).

بەشی چوارەم: شیکردنەوەی ناوەرۆکی هەڵمەتی میدیایی لەرووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا

له ماوەی سالانی ٢٠١٤- ٢٠١٨ بەهۆی ئەو دۆخەی سەرتاسەری عیراق گرتەوە لە بەرەئەنجامی دەرکەوتنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش)، بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەرێم هەوڵمەتێکی بەرفراوانی میدیایی ئەنجامدا بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو ئاگادارکردنەوەیان لە مەترسییەکانی تیرۆر، ئەم بەشە هەوڵ دەدات شیکارییەک بۆ ژمارەیەک پەیام بکات کە لەو سەروبەندەدا وەک بەشێک لەهەڵمەتە مدیاییەکان بۆ روبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی لەهەردوو بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەرێم ئاسایشی ( سلێمانی و هەولێر) ئەنجام دراوە.

## یەکەم/ هەنگاوەکانی شیکاری:

بۆ شیتەڵکردنی ئەو ڤیدیۆیانەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەرێم لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی بەرهەمیان هێناوە لە چواچێوەی هەڵمەتەکانی هۆشیاری لە ڕوو بەڕوو بوونەوەی تیرۆر، ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ڕێگە و شێوازی زانستی گرتۆتەبەر بەپشت بەستن بەمیتۆدی شیکاری ڕواڵەتی ناوەڕۆک بەم شێوەی خوارەوە:

## دووەم/ دروستکردنی فۆرمی شیکاری:

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاری پاشوەختە، واتە فۆرمێکی ئامادەکراو نییە پشتی پێ ببەسترێت، هەر بۆیە بۆ دروستکردنی فۆرمە شیکارییەکە پشت بەسەیرکردنی تەواوی ڤیدیۆیەکانی تایبەت بەهەڵمەتی هۆشیاری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش لە بەروو بەروو بوونەوەی تیرۆر بەستراوە کە ڕۆماڵی سەرتاسەری تەواوی ڤیدیۆکان کراوە لەماوەی سالآنی ٢٠١٤- ٢٠١٨.

## سێیەم/ دیاریکردنی یەکەکانی شیکاری:

بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر ئەو ڤیدیۆیانە دەکات کە تایبەت بەهەڵمەتی هۆشیاری دروست کراون بۆیە کار لەگەڵ وێنەی جوڵاو و نوسین دەکات، چونکە ڤیدیۆکان جوڵەو نوسین و گرافیکیش لەخۆ دەگرن، جا لەبەر ئەم هۆیە پشت بەیەکەکانی (فۆرم، بیرۆکە، بابەت و کەسایەتی) بەستراوە.

## چوارەم/ دیاریکردنی دەستەکانی شیکاری

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەدەستەی فۆرم و ناوەڕۆک بەستووە کە خۆی دەبینێتەوە لە وەڵامەکانی (چی وتراوە؟) و (چۆن وتراوە؟) ، چونکە لە ڤیدیۆکاندا بە زیاد لە شێوازێک چەند بابەتێک خراوەتە ڕوو.

## پێنجەم/ ڕاستی فۆرمی شیکاری:

ئەم توێژینەوەیە پەنای بردۆتە بەر ڕاستی ڕواڵەتی کە زۆرترین جار لەتوێژینەوەکانی شیکاری ناوەڕۆک بەکاردێت، کە بریتییە لە پیشاندانی فۆرمی شیکاری بە کۆمەڵێک هەڵسەنگێنەر لە پسپۆرانی بوارە جیاجیاکانی پەیوەست بە ئاسایش و تیرۆر و میدیا بەمەبەستی بەئاگابوون لەڕاستی و دروستی ئەو فۆرمەی بۆ شیکارکردنی ڤیدیۆکان کاری لەسەر کراوە، دوای تەواو کردنی فۆرمەکەو پێناسەکردنی یەکەکان، توێژەران فۆرمە شیکارییەکەیان ئاراستەی کۆمەڵێک پسپۆر کرد (ناوی هەڵسەنگێنەران، پ.ی.د نەزاکەت حسین حەمەسەعید / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمانی، پ.ی.د فوئاد عەلی ئەحمەد / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمانی، پ.ی.د هێمن مەجید حەسەن / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمانی، پ.ی.د حەکیم عوسمان حەمید / پسپۆری میدیا/ ز.پۆلیتەکنیک سلێمانی، پ.ی.د ابتسام اسماعیل قادر / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمانی، پ.ی.د عومەر ئاحمەد ڕەمەزان / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمان، پ.ی.د سەلام نەسرەدین محەمەد / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمانی.) دوای گەڕانەوەی فۆرمەکە و بەهەند وەرگرتنی تێبینیە زانستییەکانی هەڵسەنگێنەران، ڕادەی ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەران بەڕێژەی (90%) بوو کە ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە لە ڕووی زانستییەوە.

## شەشەم/ جێگیری فۆرمی شیکاری:

مەبەست لەجێگیری گەشتنە بەهەمان ئەنجامی شیکاری یەکەم، بەدووبارە کردنەوەی شیکاریی دەستەکان بەسەر هەمان سامپڵ بەڕێژەیەکی دیاریکراو، لەکاتێکی دیاریکراودا، توێژەر ئەم ڕێگایەی ئەنجامدا بۆ گەیشتن بەجێگیری وەک لەخوارەوە خراوەتە ڕوو:

جێگیری لەگەڵ خود: توێژەران هەستان بەدووبارە شیکردنەوەی دەستەکان بەتێپەربونی ماوەی (سێ مانگ) بەسەر مێژووی یەکەم شیاکاریدا، لەگەڵ خۆیان، بەسەر ڕێژەی (10٪) سامپڵی توێژینەوەکە کە (86) ڤیدیۆیە، بەپشت بەستن بەیاسای (هۆڵستی) بۆ جێگیری، ناوەندی هاویەکی توێژەران لەگەڵ خۆیاندا کردییە (0.924) ئەمەش بەرێژەیەکی بەرز دادەنرێت بۆ دڵنیا بون لەڕوونی راستگۆیی دەستە شیاکرییەکان.

$$\textbf{Coefficient Reliability} \quad CR: \frac{2\,M}{N1 + N2}$$

$$\frac{2 \times 524}{567+567} = 0.924$$

### حەوتەم/ شێوازە ئامارییەکان:

شیوازە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لە شیکردنەوەدا بریتییە لە چوارگۆشەی کای بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان دووبارەکانی ئەو دەستانەی توێژینەوەکە بۆ شیکردنەوەی هەڵمەتەکانی هۆشیاری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش لە ڕوو بەڕوو بوونەوەی تیرۆردا گرتویەتیەبەر، بە پشت بەستن بەبەهای خشتەیەی ( 3.84) ئاستی ئاماژەی (0.05) پلەی ئازادی (1).

### هەشتەم/ ئەنجامی شیکارکردنی هەڵمەتەکانی ڕووبەڕوبونەوەی تیرۆر:

١- لایەنی بەرهەمهێنی هەڵمەتی میدیایی ڕوبەڕو بوونەوەی تیرۆر

دوای کۆکردنەوەو هەلاوێر کردنی هەڵمەتەکان، دەردەکەوێت لە کۆی (86) هەڵمەت (39) هەڵمەتی تایبەتە بە ئاسایشی سلێمانی، (47) هەڵمەتیش تایبەتە بە ئاسایشی هەولێر، بەپێی ژمارەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری نییە بەو پێیەی بەهای کای سکوێر کەم ترە لەبەهای خشتەیی گوزارشت لەوەی کەبەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش هەردولا بەگرنگییەوە سەیری هەڵمەتەکانیان کردووە و لەهەوڵدا بوون بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر، بڕوانە خشتەی (1)

**خشتەی (١)**

**لایەنی بەرهەمێنی هەڵمەتی میدیایی ڕوبەڕو بوونەوەی تیرۆر**

| ئاسایشی سلێمانی | | | ئاسایشی هەولێر | | | کۆ | | 2کا χ2 | ڕێژەی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | | |
| 39 | 45.348 | 2 | 47 | 54.651 | 1 | 86 | 100 | 0.744 | نییە |

- فۆرمە هونەرییەکانی هەڵمەتی میدیایی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر

دوای هەڵاوێرکردنی ئەو زانیاری و داتایانەی کەتایبەتن بەدەستەی ( فۆرمە هونەرییەکانی هەڵمەتی هۆشیاری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر) دەرکەوت ژمارەیەک فۆرم بەکارهاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- دۆکیومێنتەری واقعی: ئەم فۆرمە کەتایبەتە بەپیشاندانی هەموو ئەو شەڕە ڕاستەوخۆیانەی هێزەکانی ئاسایش و دژەتیرۆر و پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستان لەمەیدانی جەنگدا، لەبەرهەمەکانی هەردوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێر بەپلەی یەکەم دێت کەلە کۆی گشتی (39) ڤیدیۆ ئاسایشی سلێمانی (14) دانەی بەرهەمهێناوە، ئاسایشی هەولیر (19) ڤیدیۆ .

ب- بانگەشەی سیاسی: هەندێک لە ڤیدیۆکان لەگەڵ ئەوەی توانا و ڕوبەڕو بونەوەی هێزەکان پیشان دەدات هاوکات لۆگۆ و ئارمی تایبەتی لایەنێکی سیاسی لەسەر ڤیدیۆکان دانراوە لەم فۆرمەدا ئاسایشی سلیمانی (10) ڤیدیۆی لە کۆی (39) ڤیدیۆکەی بۆ تەرخان کردووە لە

ریزبەندی (2) دایە و ئاسایشی هەولیر لە کۆی (47) ڤیدیۆ (7) دانەی بۆ ئەم فۆرمە تەرخان کراوە لە ریزبەندی (4) دایە.

پ- کورتە دراما: ئەم فۆرمە ئەو ڤیدیۆیانەی کەلەشێوەی دراماداان باسی روبەرو بونەوەی هێزەکان دەکات لەگەڵ تیرۆریستان هەوڵێکە بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لەمەترسییەکانی تیرۆر، هەردوو ئاسایشی سلیمانی و هەولێر (9) جار ئەم فۆرمەیان بەکارهێناوە.

ت- نمایشی سەربازی: لەم فۆرمەدا تیشک خراوەتە سەر دەرخستنی توانای سەربازی هێزەکان کەتاچەند لەئامادە باشیدان بۆ شکست پێهێنانی تیرۆریستان، ئاسایشی سلیمانی لە کۆیی (39) ڤیدیۆ (6)ی بەم فۆرمە بەرهەمهێناوە ، ئاسایشی هەولیر (12) ڤیدیۆیی بۆ تەرخان کردووە .

لەکۆی گشتی فۆرمەکانی خراونەتە روو هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری نییە لەنێوان ئاسایشی هەولیر و ئاسایشی سلیمانی بەو پێیەی بەهای کای سکوێر کەم ترە لەبەهای خشتەیی گوزارشت، مانای وایە هەردوو ئاسایش وەکو یەک گرنگیان بەفۆرمەکان داوەو بەلام لەفۆرمیکەوە بۆ فۆرمیکی تر گرنگییەکی دەگۆریت لای ئاسایشی سلیمانی و هەولیر، بروانە خشتەی (2).

## خشتەی (٢)

## خشتەی شیکاری فۆرمە هونەرییەکانی هەڵمەتی میدیایی روبەروبونەوەی تیرۆر

| بەرنوبەرایەتی / فۆرمە هونەرییەکان | ئاسایشی سلێمانی | | | ئاسایشی هەولێر | | | کۆ | | | کا2 χ2 | ڕێژەی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | | |
| دیکۆمێنتەری واقعی | 14 | 35.897 | 1 | 19 | 40.425 | 1 | 33 | 38.372 | 1 | 0.758 | نییە |
| بانگەشەی سیاسی | 10 | 25.641 | 2 | 7 | 14.893 | 4 | 17 | 19.767 | 3 | 0.529 | نییە |
| کورتە دراما | 9 | 23.076 | 3 | 9 | 19.148 | 3 | 18 | 20.930 | 2 | 2.000 | نییە |
| نمایشی سەربازی | 6 | 15.384 | 4 | 12 | 25.531 | 2 | 18 | 20.930 | 2 | 2.000 | نییە |
| کۆ | 39 | 100 | | 47 | 100 | | 86 | 100 | | | |

- بیرۆکەی سەرەکییەکانی هەڵمەتی میدیایی روبەرو بوونەوەی تیرۆر

هەڵمەتە میدیاییەکانی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوولاتیان، چەند بیرۆکەیەک لەخۆ دەگرێت کەپێکهاتوون لە:

ا- قارەمانێتی هێزە کوردییەکان: لەهەڵمەتەکاندا بەتەوای دیارە کە هێزەکان چاو نەترسانە کار دەکەن بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان، ئەم بیرۆکەیە لەهەڵمەتەکانی ئاسایشی هەولێر (22) جار دووبارە بۆتەوە، بەبەراورد بەهەڵمەتەکانی ئاسایشی سلێمانی (15) دووبارە لە ریزبەندی یەکەمدا دێن.

ب- درندەیی گروپە تیرۆریستییەکان: لەهەڵمەتەکاندا باشکرا وروون درندەیی هێزەکان داعش پیشان دەدەن، ئەم بیرۆکەیە لەهەڵمەتەکانی ئاسایشی هەولێر (8) جار دووبارە بۆتەوە، بەبەراورد بەهەڵمەتەکانی ئاسایشی سلێمانی (8) دووبارە لە ریزبەندی دووەمدا دێن.

پ- پوچەڵکردنەوەی هێرشی تیرۆریستان: بیرۆکەیەکی تری هەڵمەتەکان پیشاندانی توانای هێزە کوردییەکانە لە پوچەڵکردنەوەی هێرشی تیرۆریستان، ئەم بیرۆکەیە لەهەڵمەتەکانی ئاسایشی هەولێر (7) جار دووبارە بۆتەوە، لە هەڵمەتەکانی ئاسایشی سلێمانی (7) جار دووبارە لە ریزبەندی سێهەمدا دێن.

ت- هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ هێزە کوردییەکان: هێزەکانی هەرێمی کوردستانیش یەکێکن لەو هێزانەی بەشدارن لە هاوپەیمانی نێودەڵەتی بۆ روبەرو بونەوەی تیرۆر، بۆیە بەردەوام هاوکاری سەربازی و مەشقیان لەهێزە بیانییەکان وەردەگرن، ئەم بیرۆکەیە لەهەڵمەتەکانی ئاسایشی

هەولێر (6) دووبارە بۆتەوە، بەبەراورد بەهەڵمەتەکانی ئاسایشی سلێمانی (6) دووبارە لە ریزبەندی چوارەمدا دێن.

ج- مەترسی گروپە تیرۆریستەکان بۆ کۆمەڵگە: ئەو مەترسیانەی گروپە تیرۆریستییەکان لەسەر کۆمەڵگە دروستی دەکەن بیروکەیەکی تری هەڵمەتە میدیاییەکانە بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر، ئەم بیرۆکەیە لەهەڵمەتەکانی ئاسایشی هەولێر (4) جار دووبارە بۆتەوە، لەهەڵمەتەکانی ئاسایشی سلێمانی (3) جار دووبارە لە ریزبەندی پێنجەمدا دێن.

لەکۆی گشتی خستنە رووی بیرۆکەی هەڵمەتەکان لەهەردوو ئاسایشدا تۆمار کراوە بەپێی ژمارەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری نییە بەو پێیەی بەهای کای سکوێر کەم ترە لەبەهای خشتەیی گوزارشت، ئەمەش پێمان دەڵێت کەهەردوو ئاسایش بەگرنگییەوە کاریان کردووە بۆ دارشتنی بیرۆکەکان تاوەکو بتوانن رۆڵیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان، بڕوانە خشتەی ژمارە (3).

## خشتەی (٣)

## بیرۆکەی سەرەکییەکانی هەڵمەتی میدیایی روبەڕو بوونەوەی تیرۆر

| بەڕێوەبەرایەتی<br>ڕەفتارەکان | ئاسایشی سلێمانی | | | ئاسایشی هەولێر | | | کۆ | | | کا2<br>χ2 | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | | |
| قارەمانێتی هێزە کوردییەکان | 15 | 38.461 | 1 | 22 | 46.808 | 1 | 37 | 43.023 | 1 | 1.32 | نییە |
| دڕندەیی گروپە تیرۆریستییەکان | 8 | 20.512 | 2 | 8 | 17.021 | 2 | 16 | 18.604 | 2 | 0 | نییە |
| پووچەڵکردنەوەی هێرشی تیرۆریستان | 7 | 17.948 | 3 | 7 | 14.893 | 3 | 14 | 16.279 | 3 | 0 | نییە |
| هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ هێزە کوردییەکان | 6 | 15.384 | 4 | 6 | 12.675 | 4 | 12 | 13.953 | 4 | 0 | نییە |
| مەترسی گروپە تیرۆریستەکان بۆ کۆمەڵگە | 3 | 7.692 | 5 | 4 | 8.510 | 5 | 7 | 8.139 | 5 | 0.14 | نییە |
| کۆ | 39 | 100 | | 47 | 100 | | 86 | 100 | | | |

- ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لە کردەوەی تیرۆیستی

هەڵمەتە میدیاییەکانی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و خستنەرووی مەترسییەکانی تیرۆر هەوڵیان داوە بینەران لەو کردەوە ترسناکانە ئاگاداربکەنەوە کەتیرۆریستان ئەنجامی دەدەن(*کۆی گشی ژمارەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەم خشتەیەدا گۆرانکایان بەسەردا هاتووە، چونکە تەنها (٢٣) ڤیدیۆی ئاسایشی سلێمانی و (٢٤) ڤیدیۆی ئاسایشی هەولێر، باسی کردەوە تیرۆریستییەکانیان کردووە)، کە بریتین لە:

ا- کوشتن : وەک دیارترین رەفتاری گروپە تیرۆریستییەکان پیشاندراوە و تیایدا ئاسایشی هەولێر لەرێگەی (18) ڤیدیۆوە ئەوەی خستۆتە روو کە چۆن ئەو گروپانە کوشتن بەشێکە لە رەفتاریان، لەبەرامبەردا ئاسایشی سلێمانی (9) ڤیدیۆی دووبارەی هەیە بۆ ئەو مەبەستە و لە ریزبەندی (1) دێن.

ب- وێرانکردن: رەفتارێکی تری تیرۆریستانە کە لەرێگەی هەڵمەتەکانەرە خراوەتە روو، تیایدا ئەوە پیشاندراوە کە تیرۆریستان چاویان بەئاوەدانی و خۆشگوزەرانی هەڵنایەت و بەردەوام لەهەوڵی تێکدان و لەناو بردنی ئەو ئامرازانەن هاووڵاتیان ئاسودەو خۆش گوزەران دەکەن، ئاسایشی

سلیمانی لەکۆی (23) ڤیدیۆ (7) دانەی تایبەت کردووە بە پیشاندانی ئەم ڕەفتارە وئاسایشی هەولێر لە کۆی (24) ڤیدیۆ (4) دانەی بۆ تەرخانکردووەو لە ریزبەندی (2)دا دێن.

پ- رفاندن: وەک ڕەفتارێکی دیکەی تیرۆریستان پیشاندراوە، هەڵمەتە میدیاییەکان هەوڵیان داوە جەماوەری لێ ئاگادار بکەنەوە، لە ڤیدیۆکانی ئاسایشی سلێمانی (4) جار دووبارە بۆتەوە لە ئاسایشی هەولێر (2) جار دووبارە بۆتەوە لە ریزبەندی (4-3) دا دێن.

ت- ترس و تۆقاندن: هەڵمەتەکان هەوڵیان داوە جەماوەر لەوە ئاگادار بکەنەوە تیرۆریستان دەیانەوێت لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنەوە هاوولاتیان دوچاری دۆخێکی دەروونی شڵەژاو بکەن، لەم رووەوە هەڵمەتەکانی ئاسایشی سلێمانی (3) جار ئاماژە دراوە بۆ ئەم کردەوەیەی تیرۆریستان، بەڵام لە هەڵمەتەکانی ئاسایشی هەولێر گرنگی پێنەدراوە لە ریزبەندی (4)دا دێن.

لەکۆی گشتی خستنە رووی کردەوە تیرۆریستیەکان کەلە ڤیدیۆیی هەردوو ئاسایشدا تۆمار کراوە بەپێی ژمارەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری نییە بەو پێیەی بەهای کای سکوێر کەم ترە لەبەهای خشتەیی گوزارشت، بروانە خشتەی ژمارە (4)

## خشتەی (٤)

## ئاگادارکردنەوەی هاوولاتیان لە کردەوەی تیرۆیستی لە هەڵمەتی میدیایی ڕووبەڕو بوونەوەی تیرۆر

| بەڕێوەبەرایەتی / کردەوەی تیرۆریستان | ئاسایشی سلێمانی | | | ئاسایشی هەولێر | | | کۆ | | | کای 2 χ2 | ڕێژەی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | | |
| وێرانکردن | 7 | 30.434 | 2 | 4 | 16.666 | 2 | 11 | 23.404 | 2 | 0.818 | نییە |
| کوشتن | 9 | 39.130 | 1 | 18 | 75 | 1 | 27 | 57.446 | 1 | 3.000 | نییە |
| ڕفاندن | 4 | 17.391 | 3 | 2 | 8.333 | 3 | 6 | 12.765 | 3 | 0.667 | نییە |
| ترس و تۆقاندن | 3 | 13.043 | 4 | 0 | 0 | 4 | 3 | 6.382 | 4 | 3.000 | نییە |
| کۆ | 23 | 100 | | 24 | 100 | | 47 | 100 | | | |

- ئاگادارکردنەوەی هاوولاتیان لە ڕەفتاری نامرۆیانەی تیرۆرستان

دوای هەڵاوێرکردنی ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە ئاشکراکردنی ڕەفتاری نامرۆیانەی تیرۆرستان، دەردەکەوێت لە هەڵمەتە میدیاییەکاندا ئاماژە دراوە بە چەندین رەفتاری(**بەهەمان شێوە کۆی گشتی لەم خشتەیەدا گۆرانکایان بەسەردا هاتووە، چونکە تەنها (٢٢) ڤیدیۆی ئاسایشی سلێمانی و (٢٧) ڤیدیۆی ئاسایشی هەولێر، ئاماژەیان داوە بە ڕەفتاری نا مرۆیانەی تیرۆریستان) بەم شێوەیە:

ا- تەقاندنەوە: هەڵمەتە میدیاییەکان هاوولاتیانیان ئاگادارکردۆتەوە کە تیرۆریستان بەچەندین شێوە کاری تەقاندنەوە ئەنجام دەدەن، تەنها بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل ناوەستن بەڵکو پاسکیل و مرۆڤ و ئاژەڵیش دەتەقێنەوە، بۆ ئەم مەبەستە هەڵمەتە میدیاییەکانی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر وەکو یەک گرنگیان پێداوە بە (9) جار دووبارە بونەوەی لەریزبەندی (1)دا دێن.

ب- تیرۆر کردن: هەڵمەتە میدیاییەکان هاوولاتیانی ئاگادارکردۆتەوە کە تیرۆرکردنی هاوولاتیان ڕەفتارێکی بەردەوامی گروپە تیرۆریستییەکانە، لەم ڕووەوە لە ڤیدیۆکانی ئاسایشی سلێمانی (6) جار دووبارە بۆتەوە و لەوانەی ئاسایشی هەولێریش (8) جار و لەریزبەندی (2)دا دێن.

پ- چاندنی بۆمب: وەک یەکێکی دیکە لە ڕەفتارە تیرۆریستان خراوەتە ڕوو کە بۆ ئۆتۆمبێلی هێزەکانی دژ بە تیرۆر، یان کاتێک شوێنێکیان چۆڵ کردووە هەوڵیانداوە ئەو شوێنە بۆمب ڕێژ بکەن بۆ شەهید کردنی زۆرترین کەس، ڤیدیۆکانی ئاسایشی سلێمانی (5) جار ئەوەیان دووبارە کردۆتەوە ئاسائشی هەولێریش (2) جار لەریزبەندی (4-3)دا دێن.

ج- فەلاقەکردن: هەڵمەتە میدیاییەکان هاوولاتیانیان ئاگادارکردۆتەوە کە گروپە تیرۆریستەکان بەردەوام فەلاقەی دیل و بارمتە و هاووڵاتیان دەکەن و بۆتە رەفتارێکی رۆژانەیان، لەم رووەوە ڤیدیۆکانی ئاسایشی سلیمانی (2) و لە ڤیدیۆکانی ئاسایشی هەولێر (4) جار دووبارو بونەتەوەو لەریزبەندی (4 - 3) دێن.

چ- سەر و دەست برین: هەڵمەتە میدیاییەکان هاوولاتیانیان ئاگاداركردۆتەوە کە گروپە تیرۆریستەکان بەبیانوی چەسپاندنی بیروبۆچۆنییەکانیان، سەر و دەست و هەموو ئەوانە دەبڕن کە بە نەیاری خۆیانیانی دەزانن، لەم رووەوە (2) جار ئاسایشی سلێمانی و (2) جار ئاسایشی هەولێر دووبارەیان کردتەوە و لەریزبەندی (4) دێن.

ح- سوتاندن: هەڵمەتە میدیاییەکان هاوولاتیانیان لەوەش ئاگادارکردۆتەوە کە گروپە تیرۆریستەکان دیل و بارمتە و هاوولاتیان دەسوتێنن، لەم رووەوە ئاسایشی هەولێر لە یەک بەرهەمیدا ئەم رەفتارەی پیشانداوە.

خ- گولەبارانکردن: هەڵمەتە میدیاییەکان هاوولاتیانیان ئاگادارکردۆتەوە کە گروپە تیرۆریستەکان گولە بارانی دیل و بارمتە و هاوولاتیان دەکەن ئەم رەفتارەشیان بە دیار هاوولاتیان و هاوڕێ دیلەکانی هێزەکانەوە ئەنجام دەدرێن، لەم رووەوە ئاسایشی هەولێر لە یەک بەرهەمیدا ئەم رەفتارەی پیشانداوە.

بەشێوەیەکی سەرەکی و بەپێی ژمارەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری نییە بەو پێیەی بەهای کای سکوێر کەمترە لەبەهای خشتەیی گوزارشت، ئەمەش پێمان دەڵێت کەهەردوو ئاسایش بەگرنگییەوە لەم رەفتارانەی تیرۆریستانیان روانیوە تاوەکو بتوانن لەرێگەیەوە هاوولاتیان هۆشیار بکەنەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (5)

**خشتەی (٥)**

**ئاگادارکردنەوەی هاوولاتیان لە رەفتاری نامرۆییانەی تیرۆرستان لە هەڵمەتە میدیاییەکاندا**

| بەڕێوەبەرایەتی / رەفتارەکان | ئاسایشی سلێمانی | | | ئاسایشی هەولێر | | | کۆ | | | کای2 χ2 | ڕێژەی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | ر | دووبارە | % | ر | دووبارە | % | ر | | |
| تەقاندنەوە | 9 | 40.909 | 1 | 9 | 33.333 | 1 | 18 | 36.734 | 1 | 0 | نییە |
| تیرۆر کردن | 6 | 27.272 | 2 | 8 | 29.629 | 2 | 14 | 28.571 | 2 | 0.286 | نییە |
| چاندنی بۆمب | 5 | 22.727 | 3 | 2 | 7.407 | 4 | 7 | 14.285 | 3 | 1.286 | نییە |
| فەلاقەکردن | 2 | 9.090 | 4 | 4 | 14.814 | 3 | 6 | 12.244 | 4 | 0.667 | نییە |
| سەرودەست برین | 2 | 9.090 | 4 | 2 | 7.407 | 4 | 5 | 10.204 | 5 | 0 | نییە |
| سوتاندن | 0 | 0 | 5 | 1 | 3.703 | 5 | 1 | 2.040 | 6 | 1.000 | نییە |
| گولەبارانکردن | 0 | 0 | 5 | 1 | 3.703 | 5 | 1 | 2.040 | 6 | 1.000 | نییە |
| کۆ | 22 | 100 | | 27 | 100 | | 49 | 100 | | | |

- ئاگادارکردنەوەی هاوولاتیان لەوکەلێنانەی تیرۆرستان دەیقۆزنەوە

هەڵمەتە میدیاییەکانی هەردوو ئاسایشی هەولێر و سلێمانی ئەوەیان خستۆتە روو تیرۆریستان بەشوێن ئەو کەلێن و کەم و کورتیانە دەگەڕێن کە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، تا لە رێگەیەوە هاوولاتیان لەخشتە بەرن و رایان کێشنە ناو گروپەکانیانەوە. لەم رووەوە هەڵمەتە میدیاییەکان ئاماژەیان بەچەند جۆرێک کەلێن داوە کە تیرۆریستان دیقۆزنەوە کە بەم شێوەیەیە(***کۆی گشتی ژمارەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەم خشتەیەدا گۆرانکایان بەسەردا هاتووە، چونکە تەنها (١٣) ڤیدیۆی ئاسایشی سلێمانی و (١٣) ڤیدیۆی ئاسایشی هەولێر، ئاماژەیان کردووە بۆ

ئەم تەوەرەیە.):

ا- نە بوونی هۆشیاری ئایینی: بە کەلێنێکی بەهێز ئەژمار دەکرێت کە تیرۆریستان دەیقۆزنەوە و بەکاری دەهێنن لەپێناو بەهێزکردنی خۆیان و لەخشتە بردنی هاووڵاتیان لەهەموو تەمەن و ئاستێکدا، بۆیە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی هەردوو ئاسایش بەگرنگی لێیان ڕوانیوە و ئاسایشی سلێمانی (7) جار ئاماژەی پێداوە، لە ئاسایشی هەولێرێس بەهەمان ژمارە گرنگی پێدراوە، بۆیە لەریزبەندی (1)دا دێت.

ب- نەبونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی: ئەم کەلێنەیان زۆربەی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تێکەڵبونی کۆمەڵایەتیان بەهێز نییە، هەرچەندە کەسانی خاوەن کەسایەتی زۆرجار دەکەوێتە ژێر کاریگەری تیرۆریستان و وابەستەی ئەرک و کارەکانی ئەوان دەبێت، بۆیە هەردوو ئاسایش بەگرنگییەوە لەم کەلێنەیان ڕوانیوە و لەریزبەندی (2)دا دێت، لەبەرهەمە ڤدیۆکانی ئاسایشی سلێمانی (4) دووبارەی هەیە، لە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێریش (3) دووبارەی هەیە.

پ- هەژاری و بێکاری: بەیەکێکی تر لە کەلێنەکان دیاری کراوە کەزۆجار مرۆڤ بە تایبەت گەنجان بەرەو پەیوەندی کردن بە گروپە تیرۆریستەکانەوە ئاراستە دەکات، بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی سلێمانی (2) جار جەختی لەم کەلێنە کردۆتەرە لە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێریش بەهەمان شێوە (3) جار دووبارە بۆتەوە لەریزبەندی (3)دا دێت.

لەکۆیی گشتی بۆمان دەردەکەوێت کە بەپێی ژمارەکان هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری نییە بەو پێیەی بەهای کای سکوێر کەم ترە لەبەهای خشتەیی گوزارشت، بڕوانە خشتەی (6).

**خشتەی (٦)**

**ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لەوکەلێنانەی تیرۆرستان دەیقۆزنەوە لە هەڵمەتە میدیاییەکاندا**

| پەرپوەبەرایەتی / کەلێنەکان | ئاسایشی سلێمانی | | | ئاسایشی هەولێر | | | کۆ | | | کا2 χ2 | ڕێژەی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | | |
| نەبونی هۆشیاری ئاینی | 7 | 17.948 | 1 | 7 | 14.893 | 1 | 14 | 16.279 | 1 | 0 | نییە |
| نەبونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی | 4 | 10.256 | 2 | 3 | 6.382 | 2 | 7 | 8.139 | 2 | 0.143 | نییە |
| هەژاری و بێکاری | 2 | 5.128 | 3 | 3 | 6.382 | 2 | 5 | 5.813 | 3 | 0.200 | نییە |
| کۆ | 13 | 100 | | 13 | 100 | | 86 | 100 | | | |

- ئاگادار کردنەوەی هاووڵاتیان لە توانای ئەو هێزانەی شەڕی تیرۆر دەکەن :

هەڵمەتە میدییەکان لە ڕێگەی بەرهەمە ڤیدۆییەکانیانەوە هەوڵیان داوە هاووڵاتیان دڵنیا بکەنەوە کە ئەو هێزانەی شەڕی تیرۆر دەکەن توانا و شارەزاییەکی باشیان هەیە و خاوەنی ئیرادەیەکی بەرزن، لەم ڕووەوە بەم شێوەیە وەسفی ئەو هێزانە کراوە:

ا- هێزێکی خاوەن چەکی پێشکەوتوو: لە بەرهەمە ڤیدیۆییەکاندا فۆکەس خراوەتە سەر ئەو چەکانەی هێزەکانی هەیانە لە ڕووبەڕوبونەوەی تیرۆردا کە چەکی پێشکەوتووە، لەم ڕووەوە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی سلێمانی (12) جار جەختی لەسەر کردۆتەوەو لەریزبەندی (1)دا دێت، لە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێریش (9) جار دووبارە بۆتەوەو لەریزبەندی (2) دا دێت.

ب- هێزێکی مرۆڤ دۆست: لەهەندێک لە ڤیدیۆکان ئەوە پیشاندراوە کەزۆربەی دیلی تیرۆریستان کە دەستگیرکراون بەشێوەیەکی مرۆیانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لەم ڕووەوە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی سلێمانی (5) دووبارەی هەیەو لەریزبەندی (3)دا دێت بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێر (9) دووبارەی هەیەو لەریزبەندی (2)دا دێت.

پ- هێزێکی خاوەن پلان: یەکێک لەرێگا باوەکانی سەرکەوتن لەشەڕدا هەبونی پلانی سەربازی بەهێزە بۆیە لە بەرهەمە ڤیدۆییەکاندا گرنگ

پێدراوە، بە جۆرێک هەردوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێر وەکو یەک گرنگیان پێداوە بە (10) دووبارە، بەڵام لە ریزبەندییەکاندا لە نێو بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی سلێمانی لەریزبەندی (2)دا دێت و لە ئاسایشی هەولێر لەریزبەندی (1)دا دێت.

ج- هێزێکی چاوکراوە: رێگایەکی گرنگە بۆ پاراستنی نیشتمان و رێگری کردن لەرووداني کردەوە تیرۆریستییەکان پێش رووداني لەم خاڵەدا بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێر زۆر جەختی کردۆتە سەری و ئەمەش بۆتە هۆی تۆمارکردنی (7) دووبارە و لەریزبەندی (3)دا دێت، لە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی سلێمانیش لەریزبەندی (4)دا دێت بە (1) دووبارە.

چ- هێزێکی نەتەوەیی: پاراستنی سونبولە نەتەوەییەکان هاوشێوەی پاراستنی ئاڵا دەبنە ئامرازێک بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی بەتایبەتی لای گەنجان، لەم رووەوە لە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی سلێمانیدا (5) جار دووبارە کراوەتەوەو لەریزبەندی (3)دا دێت و لە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێریش (3) دووبارە کراوەتەوەو لە ریزبەندی (6)دا دێت.

ح- هێزێکی خاوەن سەرکردەی گیانفیدا: لەچەندین شەردا سەرکردەی خاوەن پلەو پایەی سەربازی زۆر شەهید بوون ئەمەش بۆتە پاڵنەرێک بۆ بەرزکردنەوەی وورەی هاووڵاتیان، لەم رووەوە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی سلێمانی (5) جار ئاماژەیان پێداوەو لەپلەی (3) دایە ، لە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێریش (5) جار دووبارە بۆتەوەو لەپلەی (4) دایە واتە هەردوو ئاسایش بەهەمان ژمارە گرنگیان داوە .

خ- هێزێکی رێکخراو خاوەن جەستەیەکی بەهێز: بۆ دڵنیاکردنەوەی هاووڵاتیان و دروستکردنی ترس لای دوژمن ، بەرهەمە ڤیدۆییەکان ئەند جارێک فۆکەسیان خستۆتە سەر ئەوەی کە ئەگەزانەیشەری تیرۆر دەکەن خاوەن جەستەیەکی بەهێزو لە سەر بنەمای دیسپلینی سەربازی رەفتار دەکەن هەولێر (4) دووبارەو لەریزبەندی (5)دا دێت و سلێمانی (1) و لەریزبەندی (4)دا دێت.

دوای وربوونەوە لە ژمارەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت تەنها یەک جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری هەیە بەو پێیەی بەهای کای سکوێر زیاترە لەبەهای خشتەیی گوزارشت، ئەوێش لە تەوەرەی (هێزێکی چاوکراوە)، کە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێر زیاتر گرنگی بەم لایەنە داوە ، بروانە خشتەی (7).

## خشتەی (٧)

### ئاگادار کردنەوەی هاووڵاتیان لە توانای ئەو هێزانەی شەڕی تیرۆر دەکەن لە هەڵمەتە میدیاییەکاندا

| بەڕێوەبەرایەتی / توانای هێزەکان | ئاسایشی سلێمانی | | | ئاسایشی هەولێر | | | کۆ | | | کا2 χ2 | ڕێژەی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | ر | دووبارە | % | ر | دووبارە | % | ر | | |
| هێزێکی خاوەن چەکی پێشکەوتوو | 12 | 30.769 | 1 | 9 | 19.148 | 2 | 21 | 24.418 | 1 | 0.800 | نییە |
| هێزێکی مرۆڤ دۆست | 5 | 12.820 | 3 | 9 | 19.148 | 2 | 14 | 16.279 | 3 | 1.143 | نییە |
| هێزێکی خاوەن پلان | 10 | 25.641 | 2 | 10 | 21.276 | 1 | 20 | 23.255 | 2 | 0 | نییە |
| هێزێکی چاوکراوە | 1 | 2.564 | 4 | 7 | 14.893 | 3 | 8 | 9.302 | 5 | 6.000 | ئاماژە دارە |
| هێزێکی نەتەوەیی | 5 | 12.820 | 3 | 3 | 6.382 | 6 | 8 | 9.302 | 5 | 0.500 | نییە |
| هێزێکی خاوەن سەرکردەی گیانفیدا | 5 | 12.820 | 3 | 5 | 10.638 | 4 | 10 | 11.627 | 4 | 0 | نییە |
| هێزێکی ڕێکخراو خاوەن جەستەیەکی بەهێز | 1 | 2.564 | 4 | 4 | 8.510 | 5 | 5 | 5.813 | 6 | 3.000 | نییە |
| کۆ | 39 | 100 | | 47 | 100 | | 86 | 100 | | | |

- ئاگادار کردنەوەی هاوولاتیان لە پێویستی هاوکاری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش

بەرەنگار بونەوەی تیرۆر پێویستی بەهاوکاری و یەکگرتووی دەزگا تایبەت و ئەمنییەکان و لەهەمووی گرنگتر هاوکاری و پشتگیری هاوولاتیانە، چونکە هۆیەکی زۆر باشە بۆ کەم کردنەوەی کار و کردەوە تیرۆریستییەکان. لەسەر ئەم بنەمایە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی هەڵمەتی میدیایی هێزەکانی ئاسایشی هەریم جەختیان لە چەند تەوەرێک کردۆتەوە کە پیشانی دەدەن کەچۆن هاوولاتیان پێویستە لای خۆیانەوە رۆڵیان هەبێت لە روبە رووبونەوەی تیرۆر و هاوکاری ئەو دەزگایانە بکەن کە بەرپرسن لە قەڵاچۆکردنی تیرۆر(**** لە کۆی گشتی ئەم تەوەرەدا ژمارەی بەرهەمە ڤیدۆییەکان گۆرانکاریان بەسەردا هاتووە، چونکە تەنها (١٢) بەرهەمی ڤیدیۆیی ئاسایشی سلێمانی و (٦) بەرهەمی ڤیدیۆیی ئاسایشی هەولێر، باسی شێوازی هاوکاری هاوولاتیان کردووە لە رووبەروبونەوەی تیرۆر)، ئەو تەوەرانەش بەم شێوەیەیە:

ا- چاو کراوەیی هاوولاتیان لەبەرامبەر جموجوڵی تیرۆرستان: لەم روەوە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی سلێمانی (8) جار ئاماژەیان بەم تەوەرە داوە، هەرچی بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێرە (6) جار دووبارە یان کردۆتەوە لە هەردوو لادا لەریزبەندی یەکەمدا دێت.

ب- پەیوەندی کردنی هاوولاتیان بەلایەنە بەرپرسەکانەوە: بۆ ئاشکراکردنی جموجوڵی تیرۆرستان ئاسایشی سلێمانی زۆر بەگرنگەوە لەم دیاردەیە دەروانیت لە بەرهەمە ڤیدۆییەکانیدا (4) دووبارەی هەیە و لەریزبەندی (2)دا دێت، بەڵام ئاسایشی هەولێرە گرنگی بەم لایەنە نەداوە.بۆیە دەردەکەوێت جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری هەیە بەو پێیەی بەهای کای سکوێر زیاترە لەبەهای خشتەیی گوزارشت، ئەوێش لە بەرژەوەندی ئاسایشی سلێمانییە، بروانە خشتەی (8).

**خشتەی (٨)**

**ئاگادار کردنەوەی هاوولاتیان لە پێویستی هاوکاری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش لە هەڵمەتە میدیاییەکاندا**

| بەڕێوەبەرایەتی / هاوکاری هاوولاتیان | ئاسایشی سلێمانی | | | ئاسایشی هەولێر | | | کۆ | | | کا2 χ2 | ڕێژەی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | دووبارە | ٪ | ر | | |
| **چاو کراوەیی هاوولاتیان** | 8 | 66.67 | 1 | 6 | 100 | 1 | 14 | 77.78 | 1 | 0.40 | نییە |
| **پەیوەندی کردنی هاوولاتیان** | 4 | 33.33 | 2 | 0 | 0 | 2 | 4 | 22.22 | 2 | 4.00 | ئاماژە دارە |
| کۆ | 12 | 100 | | 6 | 100 | | 18 | 100 | | | |

- شێوازی شکست پێهێنانی تیرۆریستان

بەرهەمە ڤیدۆییەکانی هەردوو بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر لە چوارچێوەی هەڵمەتە میدیاییەکانیاندا بۆ روبەرووبونەوەی تیرۆر هەوڵیان داوە هاوولاتیان لەوە دڵنیابکەنەوە کە گروپە تیرۆریستییەکان ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن و لە کۆتاییدا شکست دێنن(***** لە کۆی گشتی ئەم تەوەرەدا ژمارەی بەرهەمە ڤیدۆییەکان گۆرانکاریان بەسەردا هاتووە، چونکە تەنها (٢٣) بەرهەمی ڤیدیۆیی ئاسایشی سلێمانی و (٢٣) بەرهەمی ڤیدیۆیی ئاسایشی هەولێر، باسی شێوازی شکستپێهێنانی تیرۆریستانیان کردووە)، لەو رووەوە بەرهەمە ڤیدۆییەکان جەختی لەم تەوەرانە کردۆتەوە:

ا- دەستگرتن بەسەر تەقەمەنی: لەم رووەوە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی سلێمانی (18) دووبارە هەیە، بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێریش (15) دووبارەی هەیە.

ب- لەناو بردن و بەدیلگرتن: لەم رووەوە بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر هەریەکەو (5) دووبارەیان تۆمار کردووە لەریزبەندی

(2) دێن.

پ- دەستگرتن بەسەر مۆڵگەو بارەگاکاندا: لەم ڕووەوە تەنها بەرهەمە ڤیدۆییەکانی ئاسایشی هەولێر بە (3) دووبارە گرنگی پێداوە.

دوای وردبوونەوە لە دووبارەکانی ئەم خشتەیە هیچ جیاوازییەک بەدی بەپێی ئاماژەی کای کەکەمترە لە بەهای ژمارەی خشتەی گوزارشت کەدەگاتە (3.84) بۆیە هیچ جیاوازییەک تۆمار ناکات، بڕوانە خشتەی (9).

**خشتەی (٩)**

**شێوازی شکست پێهێنانی تیرۆریستان لە هەڵمەتە میدیاییەکاندا**

| بەڕێوەبەرایەتی / دەستکەوتی هێزەکان | ئاسایشی سلێمانی | | | ئاسایشی هەولێر | | | کۆ | | | کا2 χ2 | ڕێژەی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | ر | دووبارە | % | ر | دووبارە | % | ر | | |
| لەناو بردن و بەدیلگرتن | 5 | 21.739 | 2 | 5 | 21.739 | 2 | 10 | 21.739 | 3 | 0 | نییە |
| دەستگرتن بەسەر تەقەمەنی | 18 | 78.260 | 1 | 15 | 65.217 | 1 | 33 | 71.739 | 2 | 0.273 | نییە |
| دەستگرتن بەسەر بارەگاکاندا | 0 | 0 | 3 | 3 | 13.043 | 3 | 3 | 6.521 | 4 | 3.000 | نییە |
| کۆ | 23 | 100 | | 23 | 100 | | 46 | 100 | | | |

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

بەپێی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەمان لەمیتۆدنامەی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێداوە و لەڕێگەی شیکارکردنی (86) ڤیدیۆی تایبەت بەهەڵمەتەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر، گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە:

١- هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر بەگرنگییەوە لە هەڵمەتەکانیان ڕوانیوە و هەوڵیان داوە بەرهەمی ڤیدۆیی بەشێوازی ئاشکرا بەناوی بەڕێوەبەرایەتیکەوە یان بەشێوازی ناڕاستەوخۆ بڵاوبکەنەوە لەپێناو هۆشیار کردنەوەی جەماوەر لە مەترسییەکانی تیرۆرو شێوازی ڕووبەڕووبەنەوەی.

٢- هەڵمەتەکان بەشێوەیەکی سەرەکی تیشکیان خستۆتەسەر بەکارهێنانی فۆرمە جیاوازەکانی بەرهەم هێنان تاوەکو ڕێژەی سەرنج ڕاکێشان و کاریگەری دروستکردن لەسەر جەماوەر بەرز بکەنەوە.

٣- بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایشی هەرێم لە ڕێگەی هەڵمەتە میدیاییەکانیانەوە هەوڵیان داوە لەیەککاتدا جەماوەر لەوە دڵنیا بکەنەوە کە گروپە تیرۆریستییەکان هێزێکی دڕندەن و مەترسی زۆریان هەیە بۆ سەر کۆمەڵگە، بەڵام لە بەرامبەر هێزە کوردییەکاندا شکست دەهێنن و پیلانەکانیان پوچەڵ بۆتەوە، چونکە ئەو هێزانەی لە دژی تیرۆر دەجەنگن هێزێکی گیانفیدان و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتگیری دەکرێن .

٤- هەڵمەتەکان هەوڵیان داوە جەماوەر لەو کەلێنەکان ئاگادار بکەنەوە کە تیرۆریستان دیقۆزنەوە بەتایبەت کەلێنە ( ئاینی، ئابوری، کۆمەلایەتییەکان).

٥- هەڵمەتەکان هەوڵیان داوە جەماوەر هۆشیار بکەنەوە تاوەکو هاوکاری هێزەکان بکەن و ئامادەی ئەوەیان تێدا بێت لەکاتی بونی مەترسی تیرۆ دەزگا تایبەتەکان ئاگادار بکەنەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### پەرتوکی عەرەبی

١-الإنباری، صباح صادق جعفر، دستور جمهورية العراق، بغداد، المكتبة القانونية، ٢٠٠٥، مادة (١١٧)، ٢٠١٠.

٢-برس، يورك، التسويق الفعال، مكتبة ناشرون لبنان، ٢٠٠٢.

٣-البكري، تامر، الاتصالات التسويقية والترويج، دار الحامد، الاردن، ط١، ٢٠٠٦.

٤-حسين، سمير محمد، بحوث جامعة في الإعلامو القاهرةو دار الفجر ونشر والتوزيع، ٢٠٠٢.

٥-حلمى، نبيل، الإرهاب الدولي وفقا لقواعد القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٤.

٦-حياة، قزادرى، المراحل الإعلمية، الوسيط في الدراست الجامعية، الجزء العاشر، دار هومة، الجزائر، ٢٠٠٥.

٧-السراج، عبود، شرح قانون العقوبات الاقتصادي في التشريع السوري المقارن، منشورات جامعة دمشق، ١٩٩٣.

٨-طعيمة، رشدي، تحليل المحتوى في العلوم الانسانية مفهومه واسسه و استخداماته، القاهرة، دار الفكر العربي، ١٩٨٧.

٩-العبد، عاطف عدلي، الدعاية الأسس النظرية و النماذج التطبيقية، دار الفكر العربي، القاهرة، ٢٠٠٨.

١٠-عبد الحميد، محمد، البحث العلمي في الدراسات الاعلامية، القاهرة، عالم الكتب، ٢٠٠٠.

١١-عبد المهدي، فكري عطا الله، الإرهاب الدولي، المتفجرات، دارالكتب الحديثة، ٢٠٠٠.

١٢-عبيدات، ذوقا و سهيلة أبو السعود، الدماغ والتعلم والتفكير، عمان، دار دبولو للنشر و التوزيع، ٢٠٠٥.

١٣-مصباح، عامر، الاقناع الاجتماعي، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ٢٠٠٩.

١٤-الوقفي، راضي، مقدمة في علو النفس، مجلد ١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان الاردن، ٢٠١٤.

### پەرتوکی ئینگلیزی

15-Andy Schmitz, Advertising Campaigns, Start to Finish v. 1.0, a Creative Commons by-nc-sa 3.0, 2012.

16-Anne Gregory, planning and managing: Public Relations Campaigns, kogan, London, 3rd Edition, 2010.

17-Christine Adhiambo Odhiambo, Social Media As A Tool of Marketing and Creating Brand Awareness, Vaasan Ammaattikorkeakoulu University of Applied Sciences, 2012.

18-Charles K-Atkins & Roland E.Rice, Theory and principles of public communication campaigns, 4th edition, thousand Oaks, CA: sage, 2013.

19-David Tucker, What's New about the New Terrorism and How Dangerous Is It? Terrorism and Political Violence Naval Postgraduate School, 2001.

20-Elder, R.W., Shultz, R.A., Sleet, D.A., Nicholas, J.L., Thompson, R.S., Rajab, W., Etal, Effectiveness of mass campaigns for reducing drinking and driving and alcohol – involved crashes, Systematic review, American Journal of preventive medicines, 2004.

21-Fraser, P., the practice of public relations, New Jersey: Prentice Hall, 7th Ed, 1997.

22-Garner, Bryan A., Black s Law Dictionary, West, A Thomson Business, USA, 8th edition, 2004.

23-Knut Linke, Generation Facebook? The History of Social Networks, University of Applied Science Kufstein, Kufstein, Austria, 2011.

24-Muniz, A.M. and O‟Guinn, T.C., Brand community, Journal of Consumer Research, Vol. 27 No. 4, 2001.

25-Philip Palmgreen, Lewis Donohew, Effective Mass Media Strategies for Drug Abuse Prevention Campaigns, university of Kentucky, 2014.

26-Rogers E and Story I, Communication Campaigns, Hand book of Communication science, (Newberg Park), 1986.

**توێژینەوەی زانستی**

٢٧-بمخبزة، نبيوة، طبيقات تقنيات الاتصال العمومي المطبقة في الحملات العمومية المتلفزة، أطروحة دكتوراه، كلية العلوم السياسة و الاعلام ، جامعة الجزائر، ٢٠٠٧.

٢٨-سلێمان، كامیل عومەر، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ رۆژنامەنوسان لەهەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان بەشی میدیا، ٢٠١٣.

٢٩-علوان، حسن، الإرهاب في الفضائيات العربية، دراسة في الشكل و المضمون، اطروحة دكتوراه في الاعلام والاتصال مقدمة الى مجلس كلية الاداب والتربية، الاكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك، ٢٠٠٨.

30-Aliraza NoruziYouTube in scientific research: A bibliometric analysis, Ph.D., Editor-in-Chief of Webology, Department of Knowledge and Information Science, Faculty of Management, University of Tehran, Iran, 2017.

**گۆڤار**

٣١-گۆڤاری گوڵان، گۆڤارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چاپخانەی شەهاب – هەولێر، ژمارە ساڵی بیست و شەشەم (١٢٤٦)، بەرگی کۆتای، رێکلام، ٢٠١٩/١/١٠.

٣٢-محي الدين، محمد مؤنس، الإرهاب على المستوى الإقليمي (الإستراتيجية الأمنية) بحث منشور في مجلة نايف للعلوم الأمنية في الرياض، ١٩٩٩.

33-Barney G. Glaser, Social Problems, Oxford University Press on behalf of the Society for the Study of Social Problems, Vol. 12, No. 4, 1965.

34-Bernard Berelson, Content Analysis in Communication Research, Glencoe, Ill: Free Press, 1952.

35-Charles R. Taylor George R. Franke, Hae-Kyong Bang, Use and Effectiveness of Billboards: Perspectives from Selective-Perception Theory and Retail-Gravity Models, Journal of Advertising 35(4), 2006.

36-Oberiri Destiny Apuke, Social and Traditional Mainstream Media of Communication: Synergy and Variance Perspective, New Media and Mass Communication, Department of Mass Communication, Faculty of Arts and Social Sciences, Taraba State University, Jalingo, Nigeria, Vol.53, 2016.

37-Patterson.L, Marketing and sales alignment for improved effectiveness; Journal of Digital Asset Management 3, 2007.

38-Peter Dickens, Society, Space and the biotic level: Sociology, Vol. 34, No. 1, U.K, 2000.

39-Peter Golding, Forth coming Features: Information and Communications Technology and The Sociology of the future, Sociology, Vol. 34, No. 1, Kingdom, 2000.

40-Robert M. Morgan and Shelby D. Hunt, Journal of Marketing, Vol. 58, No. 3, 1994.

**تۆری ئەنتەرنێتی**

٤١-عبدالله احمد يوسف، الإرهاب اضرار و علاجه، النبأو مجلة شهرية ثقافية عامةو العدد ٧٨، 2005https://annabaa.org/nba-home/nba78/004.

42-https://ekuonline.eku.edu/homeland-security/definition-history-and-types-terrorism,22/08/2019,14:25 pm.

43-http://writing.colostate.edu/references/research/content/pop2a.cfm (1 of 2) [10/11/2004 9:57:19 AM]

44-Huma Parveen, Nayeem Showkat, Content Analysis, https://www.researchgate.net/publication/318815342, research gate, 2017.

45-Reliability and Validity in Research: Definitions, Examples, 2016, https://www.statisticshowto.datascience-central.com/reliability validity-definitions-examples/, 07/08/2019.

46-J. Clement, Facebook: number of monthly active users worldwide 2008-2019, https://www.statista.com/statistics/264810/number-of-monthly-active-facebook-users-worldwide/, 9\1\2020, 7:36 am.

47-Ying Lie, 10 Twitter Statistics Every Marketer Should Know in 2020, 30 Nov 2019, https://www.oberlo.com/blog/twitter-statistics, 9\1\2020, 7:43 am.

**کۆنفرانس**

48-Diakopoulos, N., & Shamma, D.A., Characterizing debate performance via aggregated twitter sentiment. In Proceedings of the SIGCHI Conference on Human Factors in Computing Systems, 2010.

**چاوپێکەوتن**

٤٩-ئاشتی مەجید، بەرپرسی بەشی میدیای ئاسایشی گشتی هەولێر، هەولێر، ١١٤:٢٠ نیوەرۆ، چاوپێکەوتن، ٢٠١٩/١٢/١١.

٥٠-رزگار حمەرەحیم حمە کەریم ، لێپرسراوی بەشی میدیا و پەیوەندییەکان ئاسایشی سلێمانی، ١٠:٣٠ بەیانی، چاوپێکەوتن، ٢٠١٩/١١/٢٠.

٥١-رەوەند محمد عبدلرحمان، ووتەبێژ و بەرپرسی میدیای دژە تیرۆر، سلێمانی، ١٥:٣٠ نیوەرۆ، چاوپێکەوتن، ٢٠١٩/١٠/١٠.

راپۆرت

52-Media & Diversity: The next steps to promote minority access to the Media, Council of Europe Campaign, the Council of Europe’s statutory organs or any organ set up by virtue of the European Convention on Human Rights, 2009, pp. 20.